# ئەفسانە لە نێو ئایینە کوردییەکاندا
# (یارسان، ئیزیدی، بەگداشی)

**سازان سەباح پیربال**
بەشی شوێنەوار / کۆلێژی ئاداب
زانکۆی سەلاحەددین
sazan.pirbal@su.edu.krd

**د. زریان جیژنی محەمەد**
بەشی کۆمەڵناسی / کۆلێژی ئاداب
زانکۆی سەلاحەددین
Zrian.mohammed@su.edu.krd

**پوختە:**

سەرەتای دیاریکردنی ئەفسانە ئەستەمە، بەڵام دەزانین قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بە ئێستاشەوە ئەفسانە لە هۆشیاری و خەیاڵی مرۆڤەکان دوور نەکەوتۆتەوە، دەرکەوتنی بیروباوەڕی ئایینییەکان لە کۆندا لە ئەنجامی بێدەسەڵاتیی مرۆڤدا بووە بەرامبەر بە سروشت. ئەفسانە بیرکردنەوەیەکی ئەقڵانی زۆر پێویستە لە نێو ئایینەکان یان گرووپە ئایینییەکان بۆ بەجێگەیاندنی وەزیفەکان و یان بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە ئەتنۆلۆژیانە (بوونگەرایانە). ئەفسانە پێویستی بە بیرکردنەوەی قوڵ نییە یان تیۆریەکی زانستی پێویست نییە.

چیرۆکی هەریەک لەم ئایینانە بخوێنیتەوە بەردی بناغەی ئاینەکە چیرۆکێکی ئەفسانەییە، کاتێک لێکۆلینەوە لە مێژوو و کاراکتەریان دەکەین (ئیزیدی و کاکەیی و بەگداشی) لە بنەڕەتدا ئایینێکی ناسامین، سەرخانێکی ئارییان هەیە، خاوەنی ڕیشەیەکی تایبەت بە ناوچەی زاگرۆسن، هەریەکەیان کاریان کردۆتە سەر یەکتری و لایەنی لێکچوویان هەیە لە لایەنی کەلتووری و بیرو باوەڕکان و ئەفسانەکانیان، بەڵام کۆچبەری بە درێژایی مێژوو بۆتە هۆی کەمێ جیاوازی لە بیرو راکانیان هەبێت. بەڵام بنچینەیان یەکتاپەرستییە. ئەفسانە چیرۆکێکی مێژووییە بەڵام نەک چیرۆکێکی ئاسایی بەڵکو

مێژوویەکی پیرۆزی هەیە و گرنگیەکی تایبەتی هەیە بۆ دروستکردنی کوولتورێکی تایبەت بۆ هەموو جیلەکان . بۆیە دەتوانین بڵێین ئەفسانەی ئایینی(کۆمەڵێک داهێنانە هزری مرۆڤ دروستی دەکات و گەشەی پێدەدات، دەگۆڕدرێت بۆ کۆمەڵێک دەستوور کە کۆمەڵگای ئاراستە دەکات)

پیرۆزگەری بەسەر زاتتدا سیفەتێکی ناسروشتی ئەم ئایینانەیە کە هێزێکی ناسروشتی دەدرێتە پاڵ ئەم زاتانە پێگەیەکی پیرۆزی پێدەدرێت. جگە لەوە تا ئیمڕۆش هەندێ لەو ئەفسانانە وەکو پیرۆزی (خاک و ئاو و هەوا) لە ئایینەکانیان بە ئاشکرا دەردەکەوێت و پیرۆزیی ئەم توخمانە لە نێو زۆربەی گەلانی ئاری نەژاد نەریتێکی باوە. ئیزیدییەکان باوەڕیان وایە کە شێخ ئادی لەو کاتە ژیاوە کە سوڵتان سەهاک ژیاوە واتا لە ماوەی نێوان هەردوو سەدەی دوانزە و سیانزە ئەو کاتەش ئەوەیە کە بەکتاشی تێیدا ژیاوە و تایفەکەی تێدا دامەزراندووە .

گرنگیی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدایە شێوازی شیکردنەوەی مێژوویی و زمانەوانیی نوێ بۆ دەق و سیمبولەکانی ئەم ئایینانە دەکەین، نیشاندانیان و خستنەڕووی ناوەرۆکی ئەفسانەکانیان کە زۆر لەگەڵ بیر و باوەڕی ئێستا جیاوازن.

کلیلی وشەکان : ئەفسانە، یارسان، ئیزیدی، بەگداشی.

**چەمک و پێناسەی ئەفسانە:**

ئەفسانە پێناسەیەکی یەکلاکەرەوەی نییە، پسپۆران و شارەزایانی ئەفسانە لەسەر ئەوە کۆکن ئەفسانە لە پێناسەیەکی چڕ و کورت و پوخت جێگای نابێتەوە، لەبەر ئەوەی پێکهاتەی ئەفسانە فرە رەهەند و فرە رەگەزە، لە هەمان کاتدا چەندین پێناسە هەن کە باس لە ئەفسانە دەکەن . ئێمە لەم تۆژینەوە چەردەیەک لە پێناسەکان دەخەینە روو وە لە کۆتایی پێناسە فرە جۆرەکانی ئەفسانە، پێناسەیەکی پوختی کارپاییکردن هەڵدەبژێرین.

لە فەرهەنگەکاندا ئەفسانە بە : (راز یان سەرگوشتە یان چیرۆک، دیرۆک، رووداوی خەیاڵی یان رووداوێکی ناراست) هاتووە، لە زمانی عەرەبیدا بە (اساطير) ناوبراوە.لە زمانی ئینگلیزی (myth) . وشەی (myth) بە مانای (نوتق، وتن) دێت واتا ئەو شتە دەگەینێ کە مرۆڤ لە دەمی دێتە دەرەوە یان لە شێوەیەکی فراوانتر پێی دەوترێت (چیرۆک). نموونەیەکی تری پێناسەی ئەفسانە بریتییە لە ( گێڕاوەیەکی شێواوی رووداوە مێژووییەکانە، بە خەیاڵێکی میللی و چەندەها حیکایەتی ئایینی نەتەوەیی و فەلسەفی دادەهێنێ، بۆ وروژاندنی هەستی گوێگر).

لە پێناسەیەکی تردا : ئەفسانە بریتییە لە (حیکایەتێکی پووچ و بێ ناوەرۆکی مرۆڤی سەرەتایی بەپێی خەیاڵە لاوازەکانیان دایان هێناوە) (کارین، ۲۰۰۸،۷-۱۰).

هەندێک جار ئەفسانە یان چیرۆکێک سینگ بە سینگ گواستراوەتەوە پێی دەوترێت (میتۆلۆجیmythology))،میثۆلۆجی بە مانای ئەفسانەناسی دێت، بریتییە لە: (لێکۆڵینەوەی ناوەرۆکی ئەفسانەکان، لە کولتوورێکی دیاریکراودا یان لە کەلەپوورێکی ئایینیی دیاریکراودا) (الیکسی، ۲۰۰۰، ۳۸-۵۰).

لە ئینسکلۆپیدیای بەریتانیادا هاتووە، ئەفسانە بریتییە لە: ( ئەرکی ڕاڤەکردن و شرۆڤەکردن لە خۆ دەگرێ، لەگەڵ هەندێ بیروباوەڕی

واقعی، هەروەها ئەو ڕووداوانە دەگێڕێتەوە بۆ کولتوور و کەلەپوور بە شێوەیەکی دیار و بەرجەستە پەیوەست دەبێتەوە بە پێشهات و بەسەرهاتی ڕاستەقینەوە) (الیکسی، ۲۰۰۰، ۳۸-۵۰)٠

ئەفسانەکان ئەو ڕووداوو بەسەرهاتە تایبەت و نموونەییانەیە بە تایبەت ئەو ڕووداوانەی پەیوەستن بە کرداری خواوەند و قارەمانان، شتێکن لە سەرووی توانای مرۆڤن، ئەم ڕووداو و بەسەرهاتە نائاساییانە، بەپێی ڕۆژگار گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئەفسانە لەگەڵ(بزووتنەوەی ڕۆمانسی) لە سەدەی نۆزدەهەم گەشەی کرد. بەڵام تەوەرە فراوانەکانی ئەفسانەناسی لەگەڵ گەشەکردنی زانستی (فیلۆلۆجیای بەراودکاری) لە سەدەی نۆزدەهەم دامەزرا، بە هاوبەشی لەگەڵ ئەنتۆلۆجیا (زانستی بنەچەی خێزانە مرۆییەکان ) (الیکسی، ۲۰۰۰، ۳۸-۵۰)٠

مالینۆڤسکی  وای دەبینی کە ئەفسانە لای مرۆڤی سەرەتایی تەنیا بریتی نییە لە (چیرۆک  یان حیکایەتێکی سادە، بەڵکو ئەفسانە ئەو واقعە وێنا دەکا کە ئەو تێیدا دەژی، بۆ ئەو مرۆڤە سەرەتاییە ئەفسانە تا ڕادەیەک لەو چیرۆکە پیرۆزانەی نێزیکە کە لە ڕێورەسمە ئایینییەکاندا (ڕیتوێلەکاندا) هەن، هەر ئەو چیرۆکانەش کۆنترۆڵی بڕوا ئایینییەکان دەکەن،) (مالینۆڤسکی، ۲۰۰۱٦، ٤٤). بۆیە ئەو پێی وایە: بێ زانینی بڕوای ڕاستەقینەی سەرەتایی ئەفسانە وە بێ زانینی شێوازی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی کە ئەو ئەفسانانەی لێ بەرهەم هاتووە، لێکۆڵینەوە لە ئەفسانەکارێکی بێ ئەنجامە.هەروەها مالینۆڤسکی پێی وایە: شێوەی ئەدەبی ئێستەی ئەفسانە کەوتۆتە ژێر گۆڕانکاری و بە لاڕێدابردنی زۆرەوە، لەسەر دەستی پیاوانی ئایینی گۆڕانکاری تێدا کراوە، بۆیە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو ئەفسانانەی کە تا ئێستا زیندوون دەبێ بۆ کۆمەڵگە سەرەتاییەکان بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی بزانین نهێنیی ئەم ژیانە چییە.

شارەزایان پێیان وایە: ئەفسانە لە دید و بۆچوونی کورددا بەشێکی گرنگە لە مێژوو و کولتوور و شارستانیەتی دێرینی کورد. لە دەقە ئەفسانەیییەکانەوە رەگەزە کولتوورییەکان پارێزراون و پێویستە وەکو بنەماکانی کەرەستەی خاو سوودیان لێوەربگیرێت. لە دیوێکی ترەوە دەقە ئەفسانەیییەکان هەڵگری رەگەزی پیرۆزین لە نێو ئایینەکاندا. چونکە سەربوردەی پیرۆز لەخۆ دەگرن.بۆیە بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین ئەفسانە بابەتێکی پڕو پووچ و کەم بایەخ نییە. بەڵکو بابەتێکی زیندوو و کاریگەرە لە ئاگایی و بڕوای مرۆڤەکان.

بەپێی رێبازی (میرضا ئیلیادە) کە ناسراوە بە رێبازی دیاردە ناسی لە پێناسەی ئەفسانەدا دەڵێ: ((ئەفسانە سەربوردەیەکی پیرۆز و ئاسمانی دەگێڕێتەوە، پیشاندەری رووداوێکە کە لە زەمەنی دەسپێک زەمەنی پڕ نهێنی سەرەتایی هەموو شتێک روویداوە)) بەپێیی ئەم پێناسەیە ئەفسانە زۆر بە پیرۆز سەیر کراوە. (فضیلە، ٢٠٠٩، ٣٣-٣٤).

بۆیە گوتراوە (( ئەفسانە مێژوویەکی پیرۆزە، کە باسی ئەفراندن دەکات، سەرچاوەی ئەزەلی هەموو ئایین و بیرو باوەڕ و کردارێکە، کە لە سەردەمەکانی سەرەتا ئەفسانە تەنها بۆ یەکجار کە هێزی ئەبەدی تا هەتایی دەبەخشی بە رووداوەکە و لەوە بەدواوە هێزی وەردەگرت و دەچەسپا وەکو نموونەی ئایدیال، واتا ئەو نموونە پیروزە ئایدیالە کە رێوڕەسم و دابی مرۆڤ و سێرمونی ئایینی و پەرستشەکانی رێکدەخست و بەهاداری دەکردن) (سەلاح ، ٢٠١٤، ١٩٨).

بە بۆچوونی (جیرالد لارسون) ئەفسانە لە بنەڕەتدا، گێڕانەوەی ئەو چیرۆک و بەسەرهاتانەن، کە لە خوداوەند و هێزە نادیارەکانەوە بەهۆی مرۆڤەوە، یان بە هۆی پەیوەندیی هۆز و تیرە و رەگەزگەلی کۆمەڵانی مرۆڤەوە بە یەکتری، بەمەبەستی خستنە رووی ئەزموونەکانی رابردوو سینگ بە سینگ گێڕاویانەتەوە. ئەفسانە بە

مانای دروستبوونی گەردوون و ئادەمیزاد و مردن و قوربانیدان و پاڵەوان و رۆڵی گیانبازی شیکردۆتەوە(جوزیف، ٢٠٠١، ٣٤).

لە کۆتایی ئەم بەشەدا ئەفسانە بەم شێوە دەناسین کە هزری ئەفسانەیی یەکێک بووە لە گەوهەری بیرکردنەوەی مرۆڤدا بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ، کاریگەری خۆی هەبووە بە ڕادەیەک کە ڕەوشت و ئاراستەکانی باوەڕی مرۆڤەکانی لە ژیان دیاریکردووە، بەڵام لە سەردەمی نوێدا لە ئەنجامی پێشکەوتنی زانستدا بۆتە هۆکاری گاڵتەکردن بە ئەفسانە. هۆکاری بنەڕەتی نەگونجاندنی هزری ئەفسانەیی لەگەڵ بیری زانستی هاوچەرخ کە سەرچاوە دەگرێ لە سەردەمی ڕێنیسانس. قۆناغی ڕێنیسانس ناسراوە بە سەردەمی بەخۆداچوونەوە و رەخنەگرتن و دوورکەوتنەوە لە چیرۆکی ئایینی و ئەفسانە. لە قۆناغی ڕێنیسانسەوە ساردی و پشتگوێخستنی ئەفسانە دەستی پێکرد. هەرچەندە لە سەدەکانی نۆزدەهەمدا ئەفسانە جارێکی تر متمانەییەکی تری وەرگرتەوە، لە بواری هونەردا وەکو یەکێک لە شێوەکانی ئەدەبی میللی و فۆلکلۆر سەیرکرا بووە دیدگا و چرایەک بۆ فکری ئەدەبی.

بۆیە لێکۆڵەرانی بواری ئەفسانە بۆیان دەرکەوتووە ئەو بابەتانەی لە ئەفسانەدا دەخرێنە روو جۆرێ لە رەگی واقعییان هەیە .

## مێژووی ئەفسانە لە کوردستان:

بنەچەی نەتەوەی کورد لە دێرزەمانەوە هەر لە سەردەمی قۆناغی ژیان لە ئەشکەوتدا و پاشان سەردەمی سۆمەرییەکان تا دەگاتە ڕۆژگاری مادەکان و ساسانییەکان، بە شێوەیەکی گشتی درێژ دەبێتەوە تاکو ئەمڕۆ دەورێکی کاریگەر و سەرەکییان هەبووە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کورد کلتوور و بیرو باوەڕ و ئەفسانەکانیان لەگەڵ خۆیان بردووە، بەو شێوە ئەفسانە لەگەڵ هاتنی هیند و ئەوروپییەکان ئاری نەژادەکان گەشەیان کردووە و لەسەردەمی دەوڵەتی ماد گەیشتۆتە ئاستێکی بەرز و نەمری.

بەڵگە زۆرن بەشێکی گرنگی ئەفسانەکانی میللەتی کورد لە سەردەمی سۆمەریدا نووسراون، بۆیە ناکرێ تەنها بژاردەی ئەفسانەی قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوو یان بەشێکی ئەفسانەی زارەکی کە دارێژراو بە شێوەزارێکی زمانی کوردی دابنرێت. بەشێکی زۆری ئەفسانەکان سینگ بە سینگ گوازراونەتەوە و پارێزراون وە لە قۆناغی پاشتر تۆمارکراون و نووسراونەتەوە.

بە درێژایی مێژوو لەسەر زەمینی گەورە و فراوانی کوردستاندا جۆرەها ئەفسانە لە ناوچەی جوگرافیای جیاواز، بە شێوەزاری جیاواز پارێزراون سەرجەمیان بە گەنجینەی ئەفسانەی کورد هەژمار دەکرێن.

ئەفسانەی سەرجەم ئایینە کوردییەکان لە سەرتاسەری جوگرافیای کوردستاندا بەدرێژایی مێژووی دێرین و هاوچەرخ بە بەشێک لە هزر و رامان و مێژوو و ئەفسانەی میللەتی کورد پێکدەهێنن.

تێڕوانینی مرۆڤی کورد لە سەردەمی دێریندا لە بنەڕەتدا سەبارەت بە جیهان بوون، دیدگای خودی مرۆڤ و بیرکردنەوەی تێڕوانین و سروشتێکی ئەفسانەییانەی هەبووە، ئەم تێڕوانین و تێگەیشتنە ئەفسانەییانە لە مرۆڤ و سروشت و بوون، لە سەردەمی خۆیاندا بە واقع دانراون و ئەو واقعانەی ناو کۆمەڵگاش لە رێگەی ئەفسانەبێژییەوە تۆمارکراون. ئەفسانە تۆمارکراوەکان پیرۆزکراون و لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر و لە جیلێکەوە بۆ جیلێکی تر گوازراونەتەوە، بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین مرۆڤ لە رێگەی هزری ئەفسانەییەوە بیری کردۆتەوە و دنیای ناسیوە. قۆناغەکانی ئەفسانەی کوردی بە ژیانی مێژوویی مرۆڤی کوردەوە بەستراوەتەوە بەم شێوە ئەفسانەی کوردی بەسەر ئەم سێ قۆناغە دابەش دەبێت: (قۆناغی ئەشکەوت ، قۆناغی گوند، قۆناغی شار) (حسن، ٢٠٢٠، ٢٩٩-٢٩٨).

کوردەکان هەر لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا، بەپێی پێویستیی ژینگەیی و خواستی دەروون و تێڕوانینەکانی، کۆمەڵێک ئەفسانەی

ئەفراندووە، وردە وردە ئەو ئەفسانانە جێگیر بوونە و دۆخێکی پیرۆزیان وەرگرتووە، ساڵانە لە رۆژێک و شوێنێکی تایبەت لە قالبی رێورەسمی جۆراو جۆر دووبارە دەکرێنەوە بەرز و پیرۆز رادەگیرێن. مێژوو ئەمرۆ وەکو زانستێک دەکەوێتە ناو زنجیرەی زانستی مرۆڤایەتییەوە گرنگترین ئەرکی تۆمارکردنی رووداوەکانی ناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە.تۆمارکردنی بەسەرهاتی خوداوەند و پاڵەوان و رووداوە گرنگەکانی ناو کۆمەڵگە بەشێکی گرنگی ئەفسانە پێکدەهێنن.بۆیە دەبینین پەیوەندییەکی پتەو هەیە لە نێوان ئەفسانە و مێژوو.

بۆ نموونە لە ئەشکەوتی شانەدەر مرۆڤەکانی ئەو سەردەم مردووەکانیان هەر لە ئەشکەوت ناشتووە، دواتر مرۆڤەکانی گوندی چەرمۆ بەپێی نەریتی ئایینیان مردوویان هەر لە ناو ماڵی خۆیان ناشتووە، دواتر کە بڵاو دەبنەوە یەکەمین بناغەی شارستانییەت دادەمەزرێنن، جگە لەوە دیاردە سروشتییەکان کاریگەرییان لەسەر بیرو باوەڕی ئادەمیزاد دروست کردووە، بۆیە دەبینین دیاردەکانی وەک ژینگە و دەوروبەری کراون بە خوداوەند، بەمەش ئەفسانەی بتپەرستی کاری لە شارستانیەتە کۆنەکان کردووە، بە تایبەت کاری لە سۆمەری و بابلی و ئاشووری و یۆنانی و رۆمانی و هۆزە کۆچەریەکان کردووە، بەم جۆرە دەردەکەوێ مێژووی ئەفسانە تاڕادەیەکی زۆر رەگ و ریشەیەکی واقعی هەیە و بە زمانی تایبەت بە خۆی رووداوەکانی سەردەمی خۆی تۆمارکردووە بۆ نەوەکانی دوای خۆی گواستوویەتەوە. ( باقر، ١٩٧٣، ٨٢).

بەسەرهاتی لافاو، وەک رووداوێکی واقعی بەشێکی گرنگی مێژوو و ئەفسانە و کتێبە ئایینیەکانی داگیرکردووە. لێکۆڵینەوە و پشکنینە ئارکۆلۆجیەکان پشتگیری ئەوە دەکەن، کە لافاوێکی گەورە کە تەواوی زەوی هەر جارەی بەشێکی زەوی گرتۆتەوە بۆتە هۆی لەنێوچوون و

وێرانبوونی ئاوەدانی و خنکانی مرۆڤ و زیندەوەرەکان. ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی جارێکی تر سەرلەنوێ وەک یەکەم جار پاش دروستبوون و پێگەیشتنی مرۆڤ و هاتنی ئادەم و حەوا ی نێو قورئان و ئینجیل و تەورات ئاوێستای زەردەشتیان ژیان سەرلەنوێ دەست پێدەکاتەوە، کە لە نێو کەشتییەکەوە دابەزیوە سەر زەوی. سۆمەرییەکان زۆر دەقیان جێهێشتووە باسی ئەو لافاوە دەکەن بە شێوەیەکی ئەفسانەیی، هەروەها لە دەقی گلگامێشدا پێشبینی رووداوی لافاو دەکات لە خەوندا ئاگادار دەکرێتەوە کە بەشەریەت لە نێو دەبات (باقر،٢٠٠٧، ١١،١٠).

لە نێو دەقەکانی ئاڤێستای زەردەشتیش، گەلێ رووداوی سەیر و سەمەرەی تێدایە، زۆربەی رووداوەکانیش پەیوەندی بەو مرۆڤەوە هەیە کە چۆن خوا خولقاندوویەتی، بۆ ئەوەی پەیامی خۆی بڵاوبکاتەوە، وا نیشاندراوە کە کەسێکی ئاسایی نەبووە, یەکەم جار رووحی لە ئاسمان بووە دوای ئەوە بڕیار دراوە بێتە سەر زەوی، دەبێتە پێغەمبەری زۆربەی گەلانی ئاری لەو سەردەمە، خۆی ئایینەکە لەسەر بنەمای ئەفسانەیی دامەزراوە، هەبوونی دوو هێزی ئەفسانەی دژ بە یەک هێزی شەڕ و هێزی خێر، بەهەشت و دۆزەخوێنا دەکا. هەموو ئەو ئەفسانانەش بۆ ئەوە دروستکراوە کە یارمەتی ئەوە بدات کە ژیانی خۆی بە گوێرەی ئەو سیستەمە بگونجێنێت، ببێتە مایەی دابینکردنی خۆشترین گوزەران لەو دونیایە و لە دونیایەکەی تریش بەرزترین پلەی بەهەشتی پێ ببەخشرێ (ئەلوەنی، ٢٠٠٧، ٣٢-٣٨).

### ئایینی کوردی:

زیاتر لە هەزار ساڵ پێش پەیدابوونی مەسیحییەت دانیشتوانی کورد زمان و فەرهەنگ و رەگەزی هیندو ئەوروپیەکانیان لە خۆ دەگرت، لە ئاکامدا نەریت و رێوڕەسمە ئایینییە ئارییەکانیشیان تێکهەڵکێشی بیرو باوەڕە رەسەنەکانی کورد بوون. سەرزەمینی

کوردستان ناوەندێکی گرنگی مێژوویی بووە وەکو چوارڕیانی کولتوورەکان بەردەوام لە پرۆسەی دانوستانی کولتووریدا رۆڵێکی باڵای هەبووە، زۆربەی ئایینە جیاجیاکان لەم هەرێمەدا بەیەک گەیشتوون و وکارلێکی ئایینی لە نێوانیاندا روویداوە و کاریان لێککردووە، دواجار زۆر شتیان لێکتری وەرگرتووە، کارتێکردنی ئایینە جۆربەجۆرەکان بۆ دوو بابەتی گرنگ دەگەڕێتەوە، لە مێژووی کۆنی ئایینی کوردیدا کە زۆربەی بنەما سەرەکییەکانیان بۆ ناو ئایینەکانی تر گواستراوەتەوە وەکو بنەمای ئایینە نوێکان چەسپاون. ئەم ئایینانە پێیان دەگوترێت ئایینی سەرچاوە و بە ئایینی بدەر دادەنرێت، وەکو ئایینی (زەرڤانی، میترایی، زەردەشتی.....) ، هەروەها چەند ئایینێکی تر هەن بە ئایینی وەرگر ناسراون کە زۆر بە ئاشکرایی کاریگەریی بنەما ئایینییەکانیان لە ئایینە مەزنەکانەوە وەرگرتووە، وەکو ئایینی ( مانەوی، یارسان و ئیزیدی، بەگداشی و .....) (میران، ٢٠٠٠، ١٣-٣٤).

ئەمانە بە تایفە یەزدانییەکان ناسراون، ناوی یەزدانی لە ئایینی ئیزیدی وەرگیراوە ، بە مانای فریشتەیی دێت، هەندێ بەڵگە هەن ئاماژە بەوە دەکەن کە یەزدانی لە راستیدا ناوی دینەکەیە، پێش ئەوەی لق و پۆپی لێبببێتەوە، دەشێ (هەق) یەکێ لە ناوە لەمێژینەکانی ئەم دینانە بێت، لە تایفە یەزدانییەکان کە تەنها سێ لق ماوە کە بریتییە لە ئیزدیایەتی و یارسانی و بەکتاشی (کە بە عەلی ئیلاهی و ئەهلی هەقیش) ناسراوە، کە سەرخانێکی ئاریایان هەیە، خاوەن ریسایەکی تایبەت بە ناوچەی زاگرۆسن، سەرەڕای ئەوەش هەر سێ تایفەکە زۆر کاریان کردۆتە سەر یەکتری. هیچ کتێبێکی پیرۆزیان نییە کە لە لایەن خوداوە هاتبێتە خوارەوە، بەڵکو کتێبە پیرۆزەکانیان کە بە زمانی جیاجیاو بە کاتی جیاواز لە لایەن کەسی پیرۆزی ناو ئایینەکان داهێنراون کە هزر و رامانی ئایینەکانیان بەرجەستە دەکەن. (ئیزەدی،٢٠٢٠،٢٠-٤٠).

**مێژووی ئایینی یارسان (کاکەیی):**

ئایینی کاکەیی بە یەکێک لەو ئایینانە دادەنرێت کە بە چەندین ناوی جیاجیا هاتووە وەک (کاکایی، یارسان، ئەهلی حەق، عەلی ئیلاهی)

ئایین ناسەکانی یارسان ڕیشەی ئایینەکەیان دەبەنەوە بۆ زەمەنێکی دێرین و نادیار، ئەمەش وا دەکات ئایینەکەیان بە کۆنترین ئایینی جیهان بزانن، بۆ سێ قۆناغ دەگەڕێننەوە:

١.قۆناغی نادیار و کەسنەزان، کە ڕۆژی خولقاندنی جیهانە. لەم بارەوە کتێبی پیرۆزی ئایینەکە کە سەرەنجامە ئاماژە بەوە دەدات و ئەو ڕاستییە روون دەکاتەوە کە لە دەقێکی ئەم کەلامەدا هاتووە:

؛؛ ئەو ئاتەشخانە ئەو... ئاتەشخانە

بارگەی شام وەستەن ئەو ئاتەشخانە

(زەردەشت) ش کیاست پەری...فرمانە

بەرگوزیدەش کەرد نە رووی زەمانە؛؛ (سەرەنجام : کەلامی شا حسن، لا٨٢).

مانای دەقەکە بەم شێوەیە:

ئەو ئاتەشکەدە.... ئەو ئاتەشکەدە

بارگەی خودایە ئەو ....ئاتەشکەدە

زەردەشت کێیە ئەگەر لە لایەن خوداوە نەهاتبێت

هەر بۆیە بە رووی جیهاندا بەرزی کردۆتەوە.

بەپێی ئەم دەقە پەروەردگار لە ئاتەشکەدەیەک یەکەمین بارگەی لەسەر زەوی خستووە تا بەهۆی یەکەمین مرۆڤی دروستکراوی خۆیەوە فەرمانرەوای زەوی بکات، بەمەش ئەم ئایینە لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو یەکەمین مرۆڤدا دەرکەوتووە (ئەنوەر، ٢٠١٨، ١٥٦).

٢. قۆناغی میترایی و زەردەشتی و ئایینە هیندۆ و ئارییەکانی دیکە، کە ڕیشەی یارسان بۆ ئەو سەردەمانە دەگەڕێتەوە. ئەم ئایینانە لە ٣٥٠٠ –٥٠٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا پەیدا بوون. دەیان بەڵگە و هێما و

تێکست و بەراوردکاری ورد هەنە کە پێشاندەدەن کولتووری ئەمڕۆی یارسان، بە ئەسڵ و ڕیشە و فەلسەفەوە، بۆ سەردەمانی ئایینی زەروانی و میترایی و زەردەشتی و مانی و ئەوانی دیکە دەگەڕێتەوە، هەروەها تێکەڵاوی کولتووری ئایینی هیندۆسی و بوودایی بووە لە ڕۆژهەڵات.

٣. قۆناغی دوای سەپاندنی ئایینی ئیسلام، بە چەندین دەورە (خول)، وەک چەرخی دۆنای دۆن، پەیدا بووە و حەڵقەکانی لە ژێر تەسەوفی ئیسلامیدا بەیەک گەیشتوونەتەوە (محمد، ٢٠١٩، ٢٩).

کاکەییەکان خاوەنی کتێبی پیرۆزی خۆیاننبە ناوی (سەرەنجام) بریتییە لە قەول و کەلام و تێکستی ئایینی و نەسیحەت و شەریعەتی ئایینی تایبەت بە خۆیانە،مێژووەکەی بۆ ٨٠٠ساڵ بەر لە ئێستا، بۆ زەمانی سوڵتان سەهاک دەگەڕێتەوە. (بەهلولی ماهی و شاخۆشین و سان سەهاکی بەرزەنجی) ئەم کەسایەتییانە لە قۆناغ و سەردەمی خۆیدا نوێگەری ئایینەکە بووینە هەوڵیان داوە ئایینەکە بخەنە چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە، بۆیە پێگە و قورسایی هەریەک لە وان بە ئایینەکەوە دیارە (ئەنوەر، ٢٠١٨، ١٦٧-١٦٨).

بەپێی بیرو باوەڕی یارسان مرۆڤ دوایین بەرهەمی دونیایی گەشتی پەرەسەندنی رۆحە، رۆح بۆ چوونە ناو شتی بێ گیان گەشتی خۆی دەست پێدەکات بۆ تەواوکردنی ئەم گەشتە لە نێو ڕووەک و دواتر لە نێو گیانەوەران دەژی پاشان خۆی دەئاخنێتە نێو لەشی پیاوێک یان ژنێکەوە،



پیرۆزییەکانی ئایینی یارسان . سایتی( – pinterest)

بۆیە ئەم پیاوە یان ئەم ژنە چوار ڕەفتاری تایبەت بە شتی بێ گیان ڕووەک و ئاژەڵ و مرۆڤ دەبێ، ڕۆح کە دەچێتە ناو لەشی مرۆڤەوە دەست بە گەشتێکی تازە دەکات، بەو شێوەیە دەتوانێ ١٠٠١ جار خۆی بەرجەستە بکاتەوە (دۆنای دۆن )، ئەمەش پێوانەیەکە بەقەدەر پێوانەی کات، ماوەیەکە بەقەدەر ماوەی مانەوەی گەردوون، کە پەنجا هەزار ساڵە. ئەمەش پێی دەڵێن قۆناغی (دۆنای دۆن) لە کۆتایی ئەم گەشتەی پەرەسەندنەدا پیاوەکە یان ژنەکە دەگەنە قۆناغی رزگاری( رۆشنبوونەوە) و دەبنە مرۆڤێکی پیرۆز و ئیلاهی، کە شوێنی شایستە لە ئاسمانی باڵا دەبێت بە بەشێک لە رۆحی گەردوون.

بەرجەستەبوون باوەڕێکی پتەوی یارسانەکانە کە مردوو لە جەستەی منداڵێکی ساوا بەرجەستە دەبێتەوە، هەوڵی دۆزینەوەی ئەو منداڵە ساوایە دەدەن کە رۆحی مردووەکەی چۆتە ناویەوە (ئیزەدی،٢٠٠٢، ٤٨_٤٩).

ئالی قەلەندەر: لە سەرەنجام دەربارەی دۆناودۆن دەفەرمووێ:

کەردەی دۆنای دۆن کەردەی دۆنای دۆن

ها گرد بەیدێوە بگنمێ ئەو شۆن     ئیرج بیانان پوور فەرەیدون.

واتا: ( هەر هەمووتان لە ریگەی دۆناودۆنەوە وەرنەوە، تا بکەوینە شوێنی دینی یار، من ئیرەجی کوڕی فەریدوونم)، گەوهەری فەلسەفەی دۆنای دۆن، رۆحی جارێ لە کەوڵی مرۆڤێکی سادە سەقامگیر دەبێ، جارێکیشیان بە گەدا یان بە دێوانە، جارجاریش بە پاشا و هەندێ جاریش بە گیاندارانی دیکە، بەپێی بڕوا و رامانی یارسانەکان رۆح دەچێتە کەوڵ (قالب) ی هەموو گیانلەبەرێکەوە و دۆنای دۆن دەکات تا ١٠٠١ قاڵب دەگۆرێ و دەگەڕێتەوە دەرگای کردگار (محمد، ٢٠١٩، ٧٩).

**ئەفسانە لە ئایینی یارسان:**

**ئەفسانەی ئەفراندن: دروستبوونی کەون:**

ئەفراندن پانتاییەکی بەرفراوانی لە هزر و بیروباوەڕ و فەلسەفە و کولتوور و مێژووی میللەتان گرتۆتەوە کە ئەویش هەڵقوڵاوی جۆری بیرکردنەوە و ژینگە و کولتووری ئەم میللەتانەیە، بۆیە چۆنیەتی گێڕانەوەی ئەفسانەی ئەفراندن لە ناو میللەتە جیاجیاکاندا جیاوازە و خاوەن تایبەتمەندیی خۆیانن. ئەفسانەی ئەفراندن لای میللەتی کورد خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی کە لە ئەفسانەی میللەتانی تر جیاوازە.

بەپێی ئایینی یارسان لە سەرەتای ئەفراندنی گەردوون، هەموو جیهان ئاو بووە، زەوی، ئەستێرە، مانگ، خۆر، مرۆڤ و گیاندارانیش نەبوونە.

بنەمای کەون لە بناغەدا لە گەرد پێکهاتووە، واتا لە گەردەوە هاتۆتە کایەوە، گەردیش پێکهاتەی هەیە وەکو پرۆتۆن و نیوترۆن، لە دەوری ئەمانەشدا چەند گەردیلەیەکی بچووک هەن بەناوی ئەلکترۆن، بەدەوری ئەمانە دەسووڕێنەوە، ئەگەر نێوانی ئەمانە کەم بکەینەوە بیانچەسپێنین بەیەکا ئەوکاتە بێ ئەندازە قەبارە و ماوەی نێوانیان چڕ و بچووک دەبێتەوە کە بە خەیاڵدا نایەت.

وەکو سوڵتان لە دەوری هەفتەوانەدا دەڵێ (ئەسڵەن چە گەرد، گەردێوەنان گەرد ئەسڵەن چە گەرد) واتە (لە بناخەدا ئەسڵم لە گەردیلەیە) (کاکەیی، ٢٠١٢، ٣١-٣٢).

بەپێی سەرەنجامیش سوڵتان لە نێو دوڕێکی خڕ لە دەریادا بووە دوڕەکەش زاتی پیر بنیامینە، لە ئەنجامدا بە فەرمانی یەزدان دوڕەکە تەقیوەتەوە و سوڵتان تیایدا دەرچووە، پارچەی سەرەوەی ئەو دوڕە، ئاسمان و رۆژ و مانگ و هەر هەموو ئەستێرەکانی پێکهێناوە، ئاسمان بریتییە لە حەوت تەبەقە کە پێی دەڵێن (حەوت تەبەقەی ئاسمان ) هەر تەبەقەیەک لەم تەبەقانە هەوێنی یەکێ لە زاتی یارانی هەفتەوانەیە،

پارچەی خوارەوەی زەوی چیاکانی پێکهێناوە، ئەویش لە حەوت تەبەقە پێکهاتووە پێی دەوترێت (حەوت تەبەقەی زەوی، هەر تەبەقەیەک لەم تەبەقانە زاتی یەکێ لە یارانی هەفتەوانەیە. هەوێنی خاکیش زاتی پیر بنیامینە، لە سەرەتادا زەوی خاو و فشۆڵ بووە، زەوی لە ئاسمان هێزی کێشکردن هاوسەنگی دەکا لە جوولە و سووڕانەوە و توانا لە یەکتری وەردەگرن، بۆیە لە بۆشایی ئاسماندا زەوی لە خولگەی خۆی دەرناچێت. زەوی و مانگ و ئەستێرەکان بەدەوری خۆر و خۆیاندا دەسووڕێنەوە، سەرەتا دونیا تاریک و شەوە زەنگ بووە، سوڵتان پیر بنیامینی کردووە بە باڵندەیەک بە رەهایی بە ئاسماندا فڕیوە، لە پڕێکدا هەموو پەڕەکانی وەریوە و پەڕی پێوە نەماوە. ئینجا لەسەر دارێکی دوو لک نیشتۆتەوە کە مەولا بۆی ئامادە کردووە، بەهەمان شێوە مەولا دوڕێکی (بەردێکی گران بەهایە توانای درەوشانەوە و رووناکی هەیە) بۆ رووناکی لە تەک دارەکە داناوە. ئەو باڵندەیە شەش جار پەڕ و باڵی دەوەرێ و دێتەوە بە ئەمری مەولا. وەرینی چەندان جارەی باڵندەکە دەبێتەوە هەوێنی توند و تۆڵکردنی زەوی بۆ ئەوەی شیاو بێ بۆ ژیان (کاکەیی، ٢٠١٢، ٣١-٣٢).

**ئەفسانەی ئادەم و حەوا:**

هەموو ئایینەکان بە شێوازی جۆراو جۆر ئەفسانەی ئادەم و حەوایان داڕشتووە و ڕەگەزی پیرۆزی بەهای کۆمەڵایەتییان پێداوە، بە گشتی وا باوە ئادەم لە قوڕ لە شێوەی گۆزەی سوورەکراو دروستکراوە، دوای ئەوە بە فەرمانی یەزدان گیانی بەبەردا کراوە، بووەتەیەکەم مرۆڤ لەسەر رووی زەوی، بەپێی سەرەنجام هەفتەن و هەفتەوانە جەستەی ئادەمیان بە ناڕەزایی لە شکڵ و شێوەی مەولا دروستکردووە، حەواش حەوت خەلیفە و حەوت سازچی لە گەچ دروستیانکردووە.لە سەرەنجامدا ئاماژە بەوە دەکات هەر لە سەرەتاوە

بە فەرمانی یەزدان ئادەم دوو چاو و دوو کونە لووت و دوو گوێ و یەک دەمیان بۆ دروستکرد، کە لەسەرەوە ژمارەیان حەوتە لەگەڵ دوو برۆی کەوانەیی لەو کاتەی کە لەشەکەیان دروستکرد رەمزی ئەمانەش لە یارانی هەفتەندا دەبینرێ کە قالبەکەیان بە جوانی رازاندەوە.

حەواش بە پێچەوانەی ئادەم یارانی حەوت خەلیفە بە هاوکاری حەوت سازچی لە گەچ ئامادەیان کردووە نەک لە قوڕ، بەپێی سەرەنجامی سەکۆی شاهۆدا ، دەڵێ: لە مەیدان جەستەی حەوامان دروستکرد بنەڕەتی پەیکەرەکە من دامناون و خۆشم قوڕەکەیم پوختە کرد، وەستای حەوا بووم بۆ هاوار و داد و فیغان لە گەچی سپی قوڕی ساف و سپی بێگەردم گرتەوە، بە سەرەند گەچەکەمان بێژا،بە ماندووبوونەکی زۆر بە میل زبرەی گەچەکەمان کوتا، سەر کووزرەکەی زبر بوو بە تام و مژی دونیا لەگەڵ کووزری ئادەم تێکەڵکران، پاشان کووزرەکەی حەوا بوو بە هەوری ئاسمان (سەرەنجام......، ٨٤).

لە ئەفسانەی ئادەم و حەوا دیارە رەگەزی پێکهاتەی جەستەیان جیاوازە، ئادەم لە خۆڵ و حەوا لە گەچ دروستکراون، ئەم جیاوازییە دیار نییە لە ئەفسانەکە بە چ مەبەستێک هەڵبژێردرایە (کاریگەری ئەم رەگەزە ئەشێ لەمرۆدا وەکو بەهای کۆمەڵایەتی پێستی سپی لە ئافرەتدا ببینرێ). لە دیوێکی ترەوە ئەوانەی کە ئافرەتیش دروستدەکەن لەبنەرەتدا پیاون کە سونبوڵی پیرۆزی توانای ڕەهای خودایی ئایینەکەیان پێبەخشراوە.

**ئەفسانەی هابیل و قابیل:**

دوای ئەوەی ئادەم و حەوا هێنایە کایەوە دەرەنجام ئادەم حەوای خواست و بڕێ منداڵی لە نێر و مێ لێ بوو، لێرەوە دۆستایەتی و هاوسەرگیری و زەماوەند و پێکەنین و بزە و خۆشی و ژیانی خێزانی

بەختەوەر لە نێو مرۆڤ دەستپێدەکات ، پەروەردگار فەرمانی دا بە ئادەم کچەکانی لە کوڕەکانی مارە بکات تا نەوەی فرە بێت، ئادەم ئەم فەرمانەی ئەنجام دا پاشان لەسەر ژن و پلە و پایە ناکۆکی دەکەوێتە نێوان کوڕەکانیەوە، قابیل بە بێ تاوان هابیلی برای دەکوژێ، لەبەر ئەوەی گوایا باوکی بە هابیلی کوڕی گوتووە لە پاش مەرگ تۆ وارسی منی و لە جێگەشمدا تۆ دەبیتە پێغەمبەر. قابیل سەری لێ دەشێوێ نازانی تەرمی براکەی چی لێ بکات. سوڵتان زاتی خۆی دەکات بە قەلێکی سوور، قەلێکی دیکە ئەم دەکوژێ لە پێشی قابیلدا لە بەرزاییەک بە چنگەکرێ چاڵێ دەکا و قەلە مردووەکەی دەکاتە ناو ئینجا بە خاک دایدەپۆشی، بەم جۆە ئەم باڵندەیە قابیلی فێرکرد کە چۆن تەرمی براکەی بنێژێ بە گوێرەی کەلام قابیل بێ گیان دەکات.

ئەفسانەی هابیل و قابیل هێمایە بۆ ریشەی ململانێ و ناتەبایی و کێشەی کۆمەڵایەتی لەسەر پێگە و دەسەڵات. ئەشێ ئەو کێشانە لەنێوانی کەسە هەرە نزیکەکانیشدا سەربکێشێ بە خوێنڕشتن و کوشتن. بەشێکی ئەفسانەکەش ئاماژەیە بە فێربوونی مرۆڤ لە سروشت و دەوروبەرەوە دەربارەی ئەو پێشهاتانەی کە نازانێ بڕیاری چی بدات. قەلەڕەشەکە کە قەلێکی  هاوتای دەکوژێ ( کە دۆنی سوڵتانە)، قابیل سوود لە قەلەکە وەردەگرێ بۆ بەخاکسپاردنی هابیلی برای. دەکرێ چەندان ئەفسانەی جۆراو جۆری میللەتان هەبێ بۆ بەخاکسپاردنی مردوو رێوڕەسمەکانیان، لە ئەفسانەی یارسانەکاندا ئەمە سەرەتای نەریتی بەخاکسپاردنی مردووە (کاکەیی، ٢٠١٢، ٣٨،٣٩).

## سوڵتان سەهاک و ئەفسانە:

لە تێکستەکان بە شێوازی جیاواز ناوی سوڵتان سەهاک هاتووە وەک: (سان سەهاک) سوڵتان (ئیساق) یا سوڵتان ( ئیسحاق) یا (شای هەورەمان). سوڵتان سەهاک لە هەموو ناوەکانی تر زیاتر گونجاو و لە

ڕاستییەوە نزیکە، هاوکات کوردییەکی پەتییە، سوڵتان سەهاک لە ساڵی ١٢١٥- ١٢١٦ ز دا، لە کچێکی جاف کە نێوی دایراک بوو بە بێ پێوەندی لەگەڵ پیاو، لە دایک بووە(نەبەز، ٢٠٠٩، ٥٥).

سوڵتان سەهاک لە دەورەی بەرزنجە بە هەرە گرنگترین و گەورەترین تەجسیدی خودایی دەژمێردرێ لە پاش کردگاری مەزن لە ئایینی یارساندا، هەرچەندە بە گوێرەی ئایینی یارسان تەجسیدی خودایی زۆر هەن و عەلی کوڕی ئەبوتالیب کە یەکەمینیان بووە، بەڵام سوڵتان سەهاک تەجسیدی هەرە گەورەی خوداییە لە ئایینی یارسان و پاشان ( شا خۆشین)یش گرنگتر و بە پایە گەلێ بەرزترە لە عەلی (میران، ٢٠١٧، ١٩٨).

دوای شەهیدبوونی، سوڵتان سەهاک لە گوندی ( هەورامان) نێژراوە، کە ئەو جێگەیە بووە بە زیارەتگای سەرەکی و ڕووگەی یاران و ساڵانە بەتایبەتی ڕۆژانی جەژنی نەورۆز سەری لێدەدەن و ڕێوڕەسمی ئایینی بەڕێوەدەبەن.

سوڵتان سەهاک کتێبی پیرۆزی (سەرەنجام)ی بۆ یارسان بەجێهێشتووە و دایناوە کە (پیر بنیامین) پیری هەرە گەورەی یارسان و دەلیل ( داود) ڕێبەری ڕێنیشاندەر و فریادڕەسیانە، کە خاوەنی دەسەڵاتی مەعنەویی ڕەهایە. بەو چوار ڕەگەزە ئەسڵە: پردێوەر، سەرەنجام، بنیامین و داود، سوڵتان سەهاک بناغە و پێکهاتی سیستەمی ئایینی یارسانیان داڕشتووە. ئەمجا هەفتەوانە و هەفتەن و چڵتەن و هەفتاودوو پیرەی لە سیستەمێکی تایبەتدا ڕێکخستووە لە ناوەوەی ئایینەکەدا. (کاکەیی، ٢٠١٢، ٢٥٦).

**ئەم ئەفسانەیە یەکێکە لە موجیزە هەرە بەرزەکانی شا سوڵتان سەهاک**

بەپێی ئەفسانەکە: (لە پردیوەر لە سەردەمی سوڵتان سەهاک مانگ دەرکەوت (سەری هەر مانگێک کە مانگ دەبینرێ) و داوەت (جەم: جۆرێکی خێری ئایینی یارسانەکانە) هاتە پێشەوە رۆژی داوەت مێردان (یارانی بڕوادارانی یارسان) هەر ماڵێ کەڵەشێری خۆیانیان بۆ سەربڕین ئامادە کرد بەپێی ڕێوڕەسمی ئایینی یارسان، تەنیا خێزانێکی هەژار و نەدار هیچیان شک نەبرد بۆ بەشداریکردن لە جەم، ئەم خێزانە وەکو بڕوادارێکی ئایینی یارسان زۆر بەلایانەوە گرنگ و پیرۆز بوو بەشداری جەمی یاران بکەن، لە ناچاری ژن و پیاوەکە بڕیاریان دا کوڕەکەیان بکەنە قوربانی کە تەمەنی (٥ - بۆ ٦)ساڵان بوو، پیاوەکە بە ڕەزامەندیی هاوسەرەکەی دێنە سەر ئەو رایەی کە منداڵەکەیان سەر ببڕن، جا لە پاش سەرشتن و سەربڕین و کوڵاندنی، ئێوارە پاش خۆرئاوا دەیبەنە (جەم لە دیوانی مەولا، لە کۆشکی پردیوەر)، هەمیشە ئەو منداڵە وەکو منداڵانی یارانی تر لەپشت باوکی دادەنیشت، ئەو جارەیان باوکی منداڵی پێ نەبوو، لەو لاشەوە پیرە رەزبار لە جەمەکە ئامادە دەبێت ئەو ڕووداوە بە سوڵتان سەهاک ڕادەگەینێ، ئەویش فەرمان دەدا منداڵەکە بە جیا لە کۆشکدا لەسەر مافووری پیرۆز دابنرێ بە پەشمینی سوڵتان بپۆشرێ، پیرە ڕەزباریش (دایە ڕەزبار) وایکرد، لەکاتی سەوزکردن و بەشدان، کە فەڕاش (بەشدەر یان خادم) دێتە سەر نۆرەی بەشدانی منداڵان، هەروەهامنداڵان لە پای جەم ئێسقان لە باوکیان وەردەگرن، باوکەکە منداڵەکەی دێتەوە یاد و تەزوێکی لە سەرتاپای جەستەی سەردەکا، بە چاوی پڕ لە فرمێسکی خوێناوییەوە ئاوڕ دەداتەوە جگەر گۆشەکەی لە پشتیەوە وەکو جارانی پێشوو دانیشتووە و بەشی خۆشی سەندووە داوای ئێسقانی لێدەکات (کاکەیی، ٢٠١٣، ٥٥٧-٥٥٦).

ئەفسانەی سوڵتان لێرە کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر بێگەردیی باوەڕ و بیری یارسانەکان بە سوڵتان و جەم. خێزانێکی هەژاری یارسانی بەوپەڕی لێبوردەیی و بڕواوە هەوڵدەدەن بەشدار بن لە جەمکردن و بەخشین. لەبەر هەژاری بڕیاری قوربانیدانی جگەر گۆشەکەیان بکەن بۆ جەم. سوڵتان سەهاک کە ئاگاداری هەموو شتێکە، موعجیزەی خۆی دەنوێنێ لە ئاستی باوەڕی بێگەردی ئەم خێزانە جگەرگۆشەکەیان زیندوو دەکاتەوە و لە پای جەم وەکو هەموو جارێ کوڕەکە داوای ئێسقان دەکا لە باوکی.

## موجیزەیەکی تری سوڵتان:

سوڵتان بە شێخ ئەحمەد (بڕوادارێکی ئایینییە) دەڵێ هەستە با بۆ گۆڕستان بڕۆین هەر گۆڕێک تۆ دەڵێی من بە هیممەتی هەق لەو گۆرستانە هەڵیدەستێنم (زیندووی دەکەمەوە)، بەرەو گۆڕستان ڕۆیشتن، شێخ ئەحمەد گۆڕێکی بە سوڵتان پیشاندا و گوتی: فەرموو ئەم مردووەم بۆ زیندوو بکەوە، یەکێ لە نێویدایە بە ناوی مەجنون پێش سەد ساڵ لەمەوبەر ئەمری خوای کردووە، دەفەرموو زیندووی بکەرەوە. ئینجا لەو دونیایە ئیمان بە تۆ دەهێنین، منیش بە تۆ دەڵێم تۆ خودای ئەم گەردوونەی، ئەمیش فەرمان بە روحتاف دەدا، ئەمیش دەفەرموێ: (مردووەکە بە ئیزنی خودام هەستە، بە فەرمانی سوڵتان من بانگت دەکەم، سوڵتان دەیەوێ تۆ هەستی، هەستە ئەم عەشق و ستایشەم ببینە) بەڵام مردووەکە هەڵنەستا، بۆیە ڕۆحتاف بە سوڵتان دەڵێ: دەڵێی تۆ رازی نیت مردووەکە هەستێ، سوڵتانیش دەڵێ، بڵێ بە ئیجازەی پیر و دەلیل و بە خوێندنی تەکبیری ناوی هەق، ئەو دەمە زیندوو دەبێتەوە، بڵێ بە ئیزنی پیرت ئینجا بڵێ یا خودای بە توانا و خاوەنی عەرش و کورسی هەروەها زۆر بە کەلامەوە لە تەکیدا دەدوێ و داوای زیندووبوونەوەی لێ دەکات، بە فەرمانی سوڵتان مردووی

سەد ساڵە بە ناوی مەجنون لە خاک سەری بەرز کردەوە سوژدەی سوڵتانی کرد، لەسەر پێ وەستا و گەواهی خۆی دا. شێخ ئەحمەد کاتێ بە چاوی خۆی دەبینێ دەستبەجێ ئێوەلا دەکات و بە تەواوی ئیمان بە سوڵتان دێنێ.

**موجیزەیەکی تر :**

سوڵتان بە شێخ ئەحمەد دەڵێ: دەستی راستی خۆتم بدێ، لەسەر ئارەزووی خۆت بۆ ئاسمان بتهاوێژم، بۆ ئەوەی بە چاوی خۆت خۆر و کاسە ماستەکە ببینی، ئەو ماستە بوو بە خۆشی و شەفەق رۆشنایی، ئاسۆی هەڵاتنی خۆر، سوڵتان دەستی راستی شێخ ئەحمەدی گرت و بە هێز و توانای خودا بەرەو رووی خۆری پڕ هێز وەشاندی، ئەوەی خواستی بە چاوی خۆی بینی، دووبارە هێنایەوە خوارێ لەسەر زەوی داینا، کەوتە سەر خاک و پای سوڵتان، شێخ ئەحمەد لە کەلامەکانی داوای سازدانی دینی یاری دەکا لە پردێوەر.(کاکەیی,٢٠١٣،٥٠٠).

لە سیستەمی فەلسەفەی دۆنای دۆندا رۆح هەزار و یەک قالب دەگۆڕی تا رۆشن دەبێتەوە، لە رۆشنبوونەوەی هەر رۆحێک کەسەکە چاودار دەبێ، دەگا بە بەشێک لە زاتی مەولا. لەم ئەفسانەیە سوڵتان نەناسراوە لای شێخ ئەحمەد، لە رێگەی موعجیزەوە دەیەوێ رۆشنبوونەوە و زاتی خۆی بە شێخ ئەحمەد نیشان بدات. بەمەش دەگوترێت مرۆڤ خودایی.

**ئەفسانەی نیاز:**

پیر میکایل ئامۆزای سوڵتان سەهاک پاش ئەوەی دەبێ بە یارە هەرە نزیکەکانی سوڵتان ، لەو ماوەیە سوڵتان داردەستی شا ئیبراهیم کە هێشتا منداڵ دەبێ، دەداتە پیر ئیسماعیلی گولان بۆ ئەوەی لە باغی نیهال دا شەتڵی بکا، فەرمانی سوڵتان جێبەجێ دەکرێ، لە پاشا دار شین دەبێ گوڵ دەدا و هەناردەگرێ، هەنارێک بۆ سوڵتان دێنن،

سوڵتان فەرمان دەردەکا، بۆ جەم، هەموو یاران کۆدەبنەوە ئەمە یەکەمین جەم بووە لە پردیوەر لە دواییدا ناویان نا نیاز، دوای خوێندنەوەی دوعا ، هەنار دەبەنە خزمەتی داود بۆ ئەوەی بەشی بکا بەسەر ئامادەبووانی جەم، ئەویش بەشی دەکا، بە ڕێکەوت دەنکە هەنارێک دەکەوێتە درزی فەرشەکانەوە ، لە کاتێک خادم دێ جەمخانە گەسک دەدا پاکی دەکاتەوە دەنکێک هەنار دەدۆزێتەوە، هەڵیدەگرێ و دەیخاتە دەمیەوە پاش ماوەیەک زگی پڕ دەبێ، کوڕێکی لە دەمەوە دەبێ، موجیزەیەکی کردگار دەکەوێتە ناوەوە، سوڵتان فەرمان بە داود دەدا، کە سێ شەو و سێ ڕۆژ منداڵەکە بخەنە تەنوورەوە سەری بگرێ ئەویش فەرمانی سوڵتان جێبەجێ دەکا، دوای سێ ڕۆژ سوڵتان دێتە لای تەنوورەکە و سەری هەڵدەداتەوە منداڵ هەڵدەستێتە سەر پێ و سڵاو لە سوڵتان دەکا(خەزنەدار، ٢٠١٠، ٢٨٩-٢٩٢).

ئەم ڕووداوە ئەفسانەییە کە لە ئایینی یارسان ڕەنگی داوەتەوە بەسەرهاتی پەیدابوونی بابا یادگارمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لە دەنکی هەناری پیرۆز لە کیژێک لە دەمەوە لە دایک بووە دیارە بێ باوکیشە، ئەو ڕووداوە لەوەی مریەمی دایکی مەسیح دەکا.

ئەفسانەی نیازی دەنکە هەنارەکە لە ئایینی یارسان هێمایە بۆ ئەو دیاردەی کە مرۆڤە پاک و پیرۆزەکان لە ڕێگەی سەروو ئاساییەوە بە دونیا دەهاتن تا ئەو کات، وەکو میترا و عیسای مریەم و شاخۆشین و چەندانی تر.. بابا یادگار دەرگای ڕۆحی پیرۆز و مەزنی لێدەکرێتەوە لە ئایینی یارسان وەکو پێشەوایەکی مەزن، دەنکە هەنارێک دەبێتە زادەی بە دونیاهاتنی.

### مێژووی ئایینی ئێزیدی:

پەیڕەوانی ئایینی ئێزیدی خۆیان بە چەند ناوێک دەناسێنن (ئێزیدی، یەزدانی) ئایینێکی کۆنی یەکتاپەرستییە، ئێزیدییەکان دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی سێیەمی پێش زاین و بە گوێرەی سەرچاوەی

تر بۆ سەدەکانی دوازدەم و سێزدەهەم، زۆر بیروڕا هەیە سەبارەت بە ریشە و بنەمای ئیزیدییەکان، لای هەندێ ئیزیدی سەر بە ئایینی زەردەشتییە، زۆربەی سەرچاوەکان دەرکەوتنی ئیزیدییەکان دەگێڕنەوە بۆ دەورانی شێخ ئادی کوڕی موسافیر دوروبەری ١٠٧٥-١١٦٠) (مینتیشاشڤلیلی، ٢٠٠٨، ٥٧) (شێخ ئادی کوڕی موسافیری کوڕی ئیسماعیلی کوڕی موسافیری کوڕی مەروانی هەکاری. لە چیاکانی هەکاری لە کوردستان لە دایک بووە، شێخی رۆحانی و فریشتەی ئیزیدییەکانە، خاوەنی کتێبی پیرۆزی خۆیانن بە ناوی (مەسحەفا رەش، جیلوە) (ئنستاس، ٢٠١٢، ١٠—١٩). لای ئیزیدییەکان شێخ ئادی گرنگترین بەرجەستەکاری رۆحی گەردوونە، کەواتە دەبێتە بەرجەستەکردنەوەی خودی مەلیک تاوس،مەلیکی تاوس رۆڵێکی بنچینەیی لە ئایینی ئێزیدی دەبینێ، مەسحەفا رەش دەوڵەمەنترین کتێبی پیرۆزی ئیزیدییەکانە، کە شێخ ئادی دایناوە لە دەوروبەری ١١٩٥ زایینی. مەسحەفی رەش سەرجەم دیدگا و بیروباوەڕی تایبەت بە گەردوون و پەرستش و چەندان پرسیار و وەڵامی تایبەت بە قیامەت و رێوڕەسمی ئایینی لەخۆ گرتووە، کە بەشێوەیەکی کرمانجی کۆن نووسراوە (ئیزەدی، ٢٠٠٢، ٦٨_ ٦٩).

هەر توێژەرێک بە نیاز بێت لە بیرو باوەڕ و فەلسەفەی ئایینی و ئەفسانەکانی ئیزیدی تێبگات و لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکات، دەبێ راستەوخۆ دەست بۆ دەقی ئەم دوو کتێبە ببات.

دەتوانین بڵێین ئایینی ئیزیدی یەکێکە لەو ئایینانە کە دەوری وەرگری هەیە، کاریگەری ئایینی زەردەشتی و بە تایبەت مهر پەرستی بەسەردا دیارە ، تەنانەت دەکرێ بە لقێک لە ئایینی مهرپەرستی دابنرێت، کە یەکێک لە کۆنترین ئایینەکانی میللەتی کورد بووە، بە تایبەت ئەمە کاتێک روونده‌بێتەوە ئەم دوو ئایینە لەگەڵ یەک بەراورد بکرێن، بۆ نموونە لە ئایینی ئێزیدی (مەلیک تاوس) لە ٢٥ کانوونی یەک

خۆی خولقاندووە، ئەم رۆژە لای ئێزیدییەکان پیرۆزە و لە پەرستگەی لالشدا مۆم دادەگیرسێنن. ئەم رۆژە رێک رۆژی لەدایکبوونی میترایە لە ئایینی میترایی (عبدالناصر، ٢٠٠٨، ٣٥).

**ئەفسانە لە ئایینی ئێزیدیدا:**

**ئەفسانەی تاوسی مەلەکی:**

تاوس هێمایە بۆ ئەو فریشتەیەی کە بە فەرمانی خودا خولقاوە، هەروەک ئەو هەتاوەی خودا لە رۆشنایی خۆی خولقاندوویەتی. باڵندەی هەتاو لە کۆنەوە بەرجەستەی خواوەندی هەتاوی لە ناو ئێزیدییەکان کردووە، باڵندەی تاوس جوانی و رەنگی پەڕەکانی زۆر لە رەنگی خەرمانەی هەتاو دەچێ، ئەم باڵندەیان کردووە بە هێمای سەرۆکی فریشتەکانی خودا و هەروەها نوێنەر و رێپیشاندەری خۆیان .

تاوسی فریشتە بە فەرمانی یەزدان لە بەهەشت دەیهێنێتە دەرەوە، فێری حیکمەت و پیشە و کارکردنی دەکات، بەم بۆچوونەش تاوسی مەلەکی بووە بە سەرچاوەی زانست و زانیاریی رێنیشاندەری یەکەم.

هەندێ ئەفسانە باس لەوە دەکەن، خودا بۆ تاقیکردنەوە و گوێڕایەڵی، تاوسی مەلەک فڕێ دەداتە ناو ئاگری دۆزەخەوە، ئەویش ماوەیەکی زۆر لەوێ ماوەتەوە و ئازاری کێشاوە ، بە گریان حەوت کووپەڵە فرمێسکی پڕکردووە، پاش ئەوە خوا هەستی کردووە کە فریشتە تاوس بڕواداره و لە خودا زیاتر کەس بە خودا نازانێ، بە تەواوی ملکەچی



ئەفراندن، ( ئینتەرنێت)

فەرمانەکانی ئەوە، بۆیە لە دۆزەخی دەرهێناوە و بۆ بەهەشتی گەڕاندۆتەوە، فەرمانی داوە ئەو کووپەڵە فرمێسکانە لە دۆزەخدا بپارێزرێ، لە رۆژی حەشردا بۆ رزگارکردنی ئەوانەی لە دۆزەخدان، بەو کووپەڵە فرمێسکانە ئاگری دۆزەخ دەکوژێننەوە، بەم جۆرە تاوانبارانیش لە ئاگری دۆزەخ و ئەشکەنجە رزگاریان دەبێت (ئەلوەنی، ٢٠٠٧، ٥٧-٥٩).

لە کتێبی مەسحەفی رەش هاتووە (ئەوەی لە پێش هەمی خەلق بووە مەلەک تاوسە...) (ئەنستاس، ٢٠١٢، ٦٨). واتا مەلەک تاوس یەکەمین خولقێنراوی خوایە، د. خلیل رەشۆ لە کتێبی (پەرن ژ ئەدەبێ دینێ ئێزیدیان) دا دەنووسێت ((تاوسی مەلەک رەنگدانەکە ژ رەنگدانێت خودێ (تەجەلی) و هنەک دبێژن ئەو ب خوە ژاڤێ خۆدێیە و (رۆژ) نیشانا وییە) (جندی، ٢٠٠٤، ١٠٥).

کەواتە تاوسی مەلەک سیمایەک لە سیماکانی خودایە و بەم جۆرە شایەنی ستایش و رێزگرتنە، هەروەها پەیوەندی بە خۆریشەوە هەیە. سەبارەت پەیوەندیی مەلەک تاوس بە خۆرەوە (نەجم ئەڵوەنی) دەنووسێت (بڕوامان وایە، کە تاوسی فریشتە لە ناو ئەم تایفەیە پێش ئەوەی بڕوا بە یەکتاپەرستی بهێنن هێمای خواوەندی هەتاو بووە) (ئەلوەنی، ٢٠٠٧، ٧٨).



ئەفسانەی ئەفراندن و مەلەک تاوس و فریشتەکانی ناو ئاینی ئێزیدی (ئینتەرنێت)

**دروستبوونی گەردوون لە ئەفسانەکانی ئایینی ئێزیدی:**

بەشێک لە ئەفسانەی ئەفراندن بە گوێرەی مەسحەفا رەش ((ئەول جار خودا لەسەر خۆشەویستی خۆی، گەوهەرێکی سپی دروستکرد، هەروەها باڵندەیەکی دروستکرد ناوی نا (ئانفر)، گرێکی خستە سەر پشتی و چل هەزار ساڵ لەسەری دانیشت، (ئەول رۆژ ئێکشەنبە مەلەکیکی خلق کرد ناوی نا عزرائیل ئەویش (مەلەک- تاوسە) کە گەورەی هەموویانە، رۆژی دووشنبە مەلەک دردائیلی خەلقکرد کە شێخ حسنە، رۆژی سێشەنبە ئیسرافیلە خەلق کرد، کە شێخ شمسە، رۆژی چوارشەمە مەلەک میکائیلی خەلق کرد کە شێخ ابوبکرە، رۆژی پێنج شەنبە مەلەک جبرائیلی خەلق کرد کە سجادالدینە، رۆژی جمعە ملک شمنائیلی خلق کرد کە ناصرالدینە، رۆژی شنبە ملەک نورائیل خلق کرد کە فخرالدینە، ملەک تاوس ئەوی کرد ب گەورەی ئەوان) واتا: (پێش ئەوەی ئاسمان و زەوی دروست ببێ خوا لەسەر زەریاکاندا هەبووە، پاپۆرێکی دروستکردبوو کە بە هەوەسی خۆی پیاسەی بۆ هەموو لایەک دەکرد، خودا بۆ ماوەی حەفتەیەک  هەر رۆژە و فریشتەیەکی دروستکردووە،یەکەم رۆژ یەک شەمە فریشتەیەکی دروستکرد بە ناوی ئیزرائیل ئەو فریشتەیە ناوێکی تری هەیە مەلەک تاوس کە سەرۆکی هەموو فریشتەکانە، دووەم رۆژ فریشتەی دەردائیلی دروستکرد کە شێخ حەسەنە، سێشەمە ئیسرافیلی دروستکرد کە شێخ شەمسەدینە، چوارشەمە فریشتە میکائیلی دروستکرد کە شێخ ئەبوبکرە ، پێنج شەمە جبرائیلی دروستکرد ئەویش شێخ سوجادەدینە، هەینی شەمایلی دروستکرد نەسرەدینە، شەمە نورائیلی دروستکرد فەخرەدینە) لە پاشدا باس لە دروست بوونی ئاسمانو کەون دەکات( لە پاشدا صورتی حەوت ئاسمان و ئەرز و تاو و مانگی خلق کرد)) واتا ((خوا حەوت ئاسمان، زەوی و خۆر و مانگی دروستکردووە) هەر دەربارەی دروست بوونی ئەرز مەسحەفا رەش دەنووسێت (فخرالدین ئینسان و حیوان روح لە

برو طیر و حوشی و خلق کرد، گیرفانی خرقە داینان لگەل ملائکە گورەوە هاتەدەری ، نعرەیەکی عضمی لەسەر گوریکە کیشە، جڤی بووە، بو ب چوار لتەوە و ئاول سکی هاتە دری بو ب بحر، دریا خروبی کن بە) دەربارەی گیای بە بەر و گژ و گیادا دەڵێ (( درختی باردار و گیا و شاخی بو جوانی ئەرز خلق کرد، عرش لە سر فرش خلق کرد)) (ئەنستانس ، ٢٠٠٦، ٢٠٢_٢٠٤).

خاڵی هاوبەش و لێکچوو زۆرن لە هزر و رامانی مرۆڤەکانی بناری زاگرۆس و ئایینە کوردییەکانی سەرزەمینی کوردستان، لەم ئەفسانەیەشدا چەندان هێما و فریشتە و کردەی خەلقکردن لە تێکستەکان دەخوێنرێنەوە کە مەزنترین بەرجەستەکەری رۆحی بڕیاردەری سەرەکییە کە مەلەکی تاوسە، وەکو ئەوەی لە ئایینی یارسان سوڵتانە و لە ئایینی بەکتاشی حاجی بەکتاشە.

**ئەفسانەی ئادەم و حەوا لە ئایینی ئیزدیدی:**

دوای خەلقکردنی کەون، داوالە جوبرایلی فریشتە دەکات کە کەمێک خۆڵی بۆ بهێنن،ئەمیش گوێڕایەڵی دەکات، با و ئاگر و ئاو تێکەڵ بە خۆڵەکە دەکات، بەم شێوەیە لەم پێکهاتانە ئادەم دروست دەکات، دوای چل ساڵ مەلەک تاوس بە خودای گوت: ئادەم چۆن وەچە بخاتەوە و کامانەن؟ خوداش دەڵێ: هەموو شتێکم خستۆتە بەر دەستی تۆ چۆنت دەوێ وا بکە، هەر ئەو کاتە مەلەک تاوس روو لە ئادەم دەکا پێی دەڵێ: ئایا (( گەنمت خواردووە))؟ ئەمیش وەڵام دەداتەوە دەڵێت ((نەخێر)، خودا قەدەغەی کردووە، تاوس مەلەک دەڵێ: ((بیخۆ)) چونکە بۆ تۆ باشە، ئیتر ئادەم کە گەنمەکەی خوارد زگی پەنەما، ئەو کات مەلەک تاوس چوو بۆ ئاسمان و ئادەمی بەجێهێشت، ئادەم لە تاو سکی هەراسان ببوو، خودا بەزەیی پێداهاتەوە باڵندەیەکی دەنووک گەورەی بۆ نارد بە شێوەیەکی شیاو دەرچەیەکی بۆ کردەوە، ئادەم یەکسەر

ئارام بوو. جوبرائیل بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ خۆی لە ئادەم جیاکردەوە، ئەو ماوە درێژە بۆ جوبرائیل دەگریا، خوا فەرمانی بە جوبرائیل دا کە حەوا دروست بکا. جوبرائیل کە فریشتەیەکی گوێڕایەڵی خوا بوو، لە باڵی چەپیەوە حەوای دروستکرد.لە وەچەی ئەوانەوە شەهر ئیبن سەفەر لە دایک بوو، دواتر نەتەوەیەکی لەسەر زەوی لێ پەیدابوو، هەر لە هەمان ئادەم نەتەوەی ئیزرائیل پەیدا بوو، بەم شێوەیە نەتەوەی تاوس نەتەوەی ئیزیدیاتی پەیدا بوو (سمکۆ، ٢٠١٨، ٣٨-٣٩).

ئەفسانەی ئەفراندنی مرۆڤ لە لایەن کردگارەوە تایبەتمەندیی خۆی هەیە بە سەرجەم رەگەز و هێماکانیەوە، بەهەمان شێوە لە ئایینی ئیزیدی و ئایینە کوردیەکانیشدا ئەفراندنی مرۆڤ لەسەر زەوی پیرۆزکراوە و بە شێوازی تایبەت بەرجەستەی رۆحە گەورەکان دەکات لە فۆرمی فریشتە و دۆنەکانی تر، لە ئایینی ئیزیدیش هیچ گومانی تێدا نییە پیرۆزی و مەزنیی رۆحی مەلەکی تاوس دەبێتە تەوەری سەرەکی و گەوهەری پیرۆزییەکانی ئایینی ئیزیدی وەکو ئەوەی لە ئایینی یارسان کە رۆحی سوڵتان سەهاک مەزنترین و پیرۆزترینە.

## کانی سپی و زەمزەم.

زەمزەم بە مانای بیری بچووکی ئاوی نزمی سەر زەوی دێت، شیفای نەخۆشی و خواردن و خواردنەوەی وەکو شەرابی بەتام دێت، کانی سپی لە ناوەڕاستی لالش، لە کاتی خەڵوەتگرتنی بۆ ئایین شێخ ئادی لەم ئەشکەوتە بە زەحمەتییەکی زۆر ئەم بیرەی هەڵکەندووە ئەم ئاوە دەرچووە، دواتر بووە بەو ئاوەی ئێستا دیزاینی گۆڕاوە، یەکێکە لە موعجیزەکانی شێخ ئادی، لەسەر هەموو ئیزیدییەک پێویستە لە تەمەنی جارێک بەم ئاوە مۆر بکرێ ، هەتا هەموو کەرەستە پیرۆزەکانیش بەم ئاوە مۆر دەکرێن،خۆی ئاو لە فەلسەفەی ئایینی ئیزیدی سەرچاوەی ژیانە (سمکۆ، ٢٠١٨، ٤٥-٤٦).

زانست ساغی کردۆتەوە بەشە گەورەکەی ژیان لە بوونەوەرەکاندا ئاوە و پێکهاتی جەستەی مرۆڤیش زیاتر لە سەدا حەفتای لە ئاو پێکهاتووە. ئایینە کوردییەکانیش گرنگییەکی زۆریان بە ئاو داوە لە گەوهەری ئایینەکاندا تا ئاستی پیرۆزی. ئایینی یارسان و بەگداشییەکانیش بە هەمان شێوەی ئێزیدی گرنگییان بە رەگەزی ئاو داوە و پیرۆزیان کردووە. لە تێکستەکانی ئایینی ئێزیدی و یارساندا چەندان بەهای بەرزی کۆمەڵایەتیان بەستۆتەوە بە پیس نەکردنی ئاو و تێگەیشتن لە ئاو وەکو سەرچاوەی ژیان و بەستانەوەی مرۆڤ بە خاکی پیرۆزی نیشتمانەوە.

**ئەفسانەی گەڕان بە دوای نەمریدا:**

**(میرمح)**

(میرمح) کوڕی میرێکی زۆر دەوڵەمەند و مەزن بوو، باوکی تەنها ئەو کوڕەی هەبوو،باوکی دەیویست کوڕەکەی هیچ لە بارەی ژیان و مردنەوە نەزانێت، خانوویێکی تایبەتی بۆ دروستکردبوو، برادەرەکانی دەهێنا لای ، رۆژێک ژنێکی بۆ هێنا،کە ژنەکە بە هەمان شێوە وەکو کوڕەکەی هیچی لەبارەی ژیانەوە نەدەزانی، رۆژێک کوڕەکەی هەتا دەرگا چوو گەڕراوە ژنەکەی مردبوو، ئەویش وای زانی نوستووە هەر بانگی دەکرد و وەڵامی نەبوو، ئێوارەی پاشان برادەرەکانی گوتیان: کوانی هاوسەرەکەت؟ ئەویش گوتی: لە دوێنێوە نوستووە، ئەوانیش سەیریان کرد بینییان مردووە، ئینجا کوڕەکە زانی کە رۆژێک ئەویش دەمری، بۆیە گەڕا بە دوای نەمریدا، هەوڵی دا بەدوای ئەو جێگەیە بگەڕێ کە مردنی لێ نییە، رەتی دەکاتەوە کە وەک ئەوانی تر بمرێ چونکە ئەو هەرچی ویستبوو بەدەستی هێنابوو، بۆیە لە گەشتەکەیدا زۆر چیا و ئاوەدانی بڕی، پاشان رێکەوتی جووتیارەکی کرد گوتی: لەلای من بمێنەوە ئەویش رازی نابێ، درێژە بە گەشتەکەی دەدا و

مارێک دێتە سەر رێگای، مارەکە گوتی: بە سروشت مار لە ژیانیدا چەندان جار کاژ دەگۆڕی (کراس دەگۆڕێ) ئەم دۆڵە تا لە کاژی من پڕ نەبێت من نامرم، ئەویش دەڵێ: رۆژەک دێت ئەم دۆڵە پڕ دەبێت. درێژەی بە گەشتەکەی دا هەتا گەیشتە پیرەمێردێک گوتی: میوان لای من بمێنەوە، لە بارەی مردنەوە دەزانم، پێویستە هەر رۆژێ سبیلەک خاک و خۆڵ باوێمە ئەو گەلییە هەتا پڕ دەبێتەوە، ئەوکاتە من دەمرم... دیسان نەمایەوە و درێژەی بە گەشتەکەی دا، تا گەڕایەوە شارەکەی خۆی، چووە ناو خانووەکەی خۆی، نە کەس دهیناسییەوە ونەکەسیشی دەناسییەوە، لە ماوەی گەشتەکەیدا دایک و باوکیشی مردبوون.(میر مح) دووبارە درێژەی بە گەشتەکەی دا تا گەیشتە (قوببا فەلەکی)، جوبرایل بە خودای گوت: مادام (میر مح) گەیشتە (قوببا فەلەکی) مردنی لەسەر نییە. خوداش گوتی: برۆ پیریەوە، ئەویش لە شێوەی دەروێشێک چووە پێشی. پێی گوت: بۆنی سێوت لێدێت، سێوێکم دەدەیتێ؟ منداڵەکەم نەخۆشە، (میر مح) دەڵێ: ئەو بازاڕ و بەر و باخە پڕ سێوە، دەتوانی سێو پەیدا بکەیت. بەڵام دەروێشەکە واز ناهێنی تا سێوێک لە (میر مح) وەردەگرێ، داوێکی سپی لە پرچی بەدەردەکەوێ، بۆ دووەم جاریش سێوێک لە (میر مح) دەستێنێ، ئەوجارە زیاتر نیشانەکانی پیری لە خۆی و ماینەکەی بە دیار دەکەوێ، هەر بەردەوام بوو لە گەشتەکەی بەرەو (قوبا فەلەکێ)، دووبارە دەروێش هاتەوە پێشی ئەوجارە بە سۆزتر داوای سێوێکی تری لێ کرد، ئەوجارە فەلەک لەسەر گردێک دانیشتبوو، هاواری کرد چیتر سێوی پێمەدە، (میرمح) گوتی: جبرائیل تو چ دبێژێ؟ ئەویش گوتی: دبێژی سێڤی بدێ، (میر مح) سێوی دا بە جوبرایل ، (میرمح) لەگەڵ ئەسپەکەی هەتا ژیا بە خولیای نەمری سەرگەردان بوو (بەدەل،٢٠١٢،٣٥). ئەم دەقە ئەفسانەییە دەقێکی پیرۆزی برا ئێزیدییەکانە زۆر بە پیرۆزی سەیری دەکەن، بەڵام لەگەڵ هەموو

ئەمانەشدا بیروباوەڕیان جیاوازە لەگەڵ ئەم دەقە یەکانگیر نابێ چونکە باوەڕی ئێزیدییەکان تەناسخە.

گەڕان بە دوای نەمریدا لە داستانی گلگامیشیش لە ئەدەبیاتی سۆمەری بەر چاو دەکەوێت دوای ئەوەی کە گلگامێش بە دوای نەمریدا دەگەڕێت چونکە ئۆتنابشتم یەکێک لەو خواوەندانەیە کە نەمری نییە بۆیە **گلگامش** داوا لە ( **ئۆتنابشتم)** دەکات کە نهێنیی نەمریی فێر بکات. **(ئۆتنابشتم) گلگامش** دەخاتە بەردەم تاقیکردنەوەیەک، ئەویش ئەوەیە کە بۆ ماوەی هەفتەیەک نەخەوێت و بەئاگا بێت. گەر توانیی ئەمە ئەنجام بدات، ئەوە دەبێتە نەمر. بەڵام **گلگامش** شکست دێنێت، هەر لەوێدا **ئۆتنابشتم** داوا لە **گلگامش** دەکات بگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە لێی هاتووە. پێش ڕۆیشتنی **گلگامش**، خێزانی **(ئۆتنابشتم)** داوا لە **(ئۆتنابشتم)** دەکات و بەوە ڕازی دەکات کە شوێنی ڕووەکی ئەفسووناوی بە **گلگامش** بڵێت، ئەو ڕووەکەی کە لاوێتی دەگەڕێنێتەوە.**گلگامش** ڕووەکەکە دەدۆزێتەوە و بڕیار دەدات کاتی گەرانەوەی بۆ *ئۆروک* لەسەر پیرەپیاوێک تاقی بکاتەوە، بەڵام لە ڕێگە مارێک ڕووەکەکە دەدزێت و دەیخوات و هەر لەوێدا مارەکە پێستەکەی تازە دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە تەمەنی لاوی. هەر لەوێدا **گلگامش** دەست دەکات بە گریان بۆ بەدبەختیی خۆی و بۆ هەوڵی لەدەستچووی و ماندووبوونی لەخۆڕایی. بە بێزاری ڕوو لە مەیخانەیەک دەکات و باسەکە بۆ خاوەن مەیخانەکە دەگێڕێتەوە، خاوەنی مەیخانەکە پێی دەڵێت" :**گلگامش** بێزار مەبە، خوداوەندەکان کاتێک مرۆڤیان دروست کرد مردنیان کردە چارەنووسی و نەمرییان بۆ خۆیان هەڵبژارد." دوای ئەمە **گلگامش** بە دەستی بەتاڵ و بە خەمباری دەگەڕێتەوە بۆ *ئۆروک* (باقر، ١٩٧٣، ٤٤).

**مێژووی بەگتاشی (عەلەوی)**

بەگداشییەکان دەگەڕێنەوە سەر( شێخ عارف سید محمد رضوی بکتاشی) کە لە خوراسان هاتووە لە ناوچەکانی ئەنازۆل نیشتەجێ بووە، هەشتا ساڵ ژیاوە (١٢٤٠-١٣٢٠م). بەگداش هاتۆتە نەجف کە خوێندنی فقهی دوو ساڵ خوێندووە و گەڕاوەتەوە ئەنازۆل، ڕێبازی بەگداشی دامەزراندیە، دەست دەکات بە دامەزراندنی تەکیەکانی تایبەت بە ڕێبازی خۆی، پەیوەندی لەگەڵ زۆر لە دەوروبەرەکەی فراوان دەکات، وەک (حەیدەریەکان و قەلەندەریەکان و یوسەویەکان)، کتێبی تایبەت بە هزر و رامانی خۆی هەیە بە ناوی (ولایتنامە) ڕێبازی بەگتاشی ڕێبازێکی تەسەوفییە، پەیام و بنەمای بڕواکانی ئایینی یەزدانی کە ئێستا درێژەیان هەیە، دەوریان هەبووە لە ڕەنگرێژکردنی پایە بنەڕەتیەکانی ئایینی مەزداییدا. بڕواکانی ((یەکێتی بوون (وحدة الوجود)، بەرجەستەبوونی مرۆڤ خودایی، دۆنادۆن و گواستنەوەی ڕۆح لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە، زۆرانبازیی نێوان هۆش (عەقڵ) و هەست (نفس) کە بەسەرکەوتنی هۆش تەواو دەبێ، بەرجەستەبوونی خودایی لەلای فریشتە و رابەرانی ئایینی بەکتاشی، و پاشان ناسینی مرۆڤ وەکو بوونەوەرێکی خودایی نەک بەندە و کۆیلە)) (عامر، ١٤٣٩هـ ٢٣٥-٢٥٠).

بەگداشی لە بنەڕەتدا بڕوایەکی دینیی ناسامییانەیە و پەیام و ناوەڕۆکی ئاریایی هەیە، لە چوارچێوە و بەیانکردنی سەرزەمینی زاگرۆسیدا. هەر هەوڵێک بۆ پۆلێنکردنی ئەم ئایینە یان هەر یەکێک لە لقەکانی وەکو بەشێک لە ئایینی ئیسلام هەڵەیەکی گەورەیە و لە نەزانینەوەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بێ ئاگایی توێژەران لەبارەی مێژوو ودیدگا و کولتوور و رەگەزە گرنگەکانی ئایینەکە و دابونەریت و پەیام و ئامانجەکانی. هەرچەندە کارتێکردنی زۆری ئیسلام لەسەر ئایینی یارسان و عەلەوی و بەکتاشی هەیە، بەڵام هەڵەیەکی گەورەیە کە ئەمانە بە شیعەی ئیسلام بناسرێن.

بەکتاشییەکان یەکێ لە رابەرەکانی مەولانای جەلالەدینی بەڵخیە، کە دوای مردنی مەولانا خەلیفەی تریان بۆ دانان، لە ناو نەتەوەکانی تریش بلاو بۆوە هەر لە ئەنادۆڵەوە تا دەچێتە بولگاریا و ئەلبانیا و بۆسناش.... بەکتاشییەکان خاوەنی داب و نەریتی خۆیانن، هەر لە سەما و سۆز و ئاوازەوە بگرە تا دەگاتە لێدانی ئامێری مۆسیقا، کە بازنەی سەما و گۆرانی دەبەستن بۆ گەیشتن بە حاڵەتی مەستیی سۆفییانە (ئیزەدی،٢٠٠٢ ، ٣٦٧-٣٦٩).

شێخی بەکتاشی کە (دەدە)یان پێ دەگوترێت بە مانای (باوە گەورە) دێت، کە دەسەڵاتێکی فراوانی هەیە، هەر گوندێک یان چەند گوندێک دەدەیەکی هەیە، ئەو ماڵەی دەدە لێی دادەبەزێ دەبێتە جێگای جەم و کۆبوونەوە، ئەرکی سەرەکی دەدە بریتییە لە پەروەردەکردنێکی مۆراڵی و ئێتیکی پەیڕەوکرانی خۆی، بۆیە لە هەموو مەجلسەکانیدا ئەم گوتانە دووبارە دەکاتەوە: درۆ مەکە، دزی مەکە، قەتڵ مەکە...... گەلێکیش دژی دووزمانی و زمانی زبر و جوێندانە (میران، ٢٠١٧، ٢٦٩-٢٧٦).

لایەنێکی سەرنجڕاکێشی بەکتاشییەکان ئەوەیە ڕێزێکی زۆر لە ژن دەگرن، ژن لایان ئازادییەکی بەرفراوانی هەیە وەکو ئەوەی لە نێو یارسان چونکە خوا توانای منداڵبوونی پێبەخشیوە، یانی خالیقە (رینولد، ٢٠١٥، ٨٩-٩٦). رووگەی پیرۆزیان مەزاری حاجی بەگداشە، نزیک شارۆچکەی کیرشەهر لە ناوچەی ئەنگور.

بەپێی نامیلکەی "بساتی" کە لە سەردەمی "شا تەهماسب"ی سەفەویدا نووسراوە و عەلەوییەکان بە"مناقب و فرمایش بزرگ" ناوی لێدەبەن، وا دەردەکەوێ کە بنەماکان و بۆچوونە بنەڕەتییەکانی بەکتاشییە هەمان بنەماکانی ڕێبازی "ئەخییە"ن و بیری "ئەوپەڕگری" تێیدا ڕەنگیداوەتەوە، هەروەها سەرچاوە مێژووییەکان دەریدەخەن کە بەکتاشییە لە کۆندا لەگەڵ یەکێک لە ڕێبازە سۆفییەکان کە بە "ئەیدالانی

ڕۆم" ناوبانگیان دەرکردبوو، پەیوەندییان هەبووە. هەر بەم بۆنەوە بەکتاشییەکان بە "ئەبدالانییەکتاشی" ناویان هاتووە.

لە ڕێبازی بەگداشییەکاندا، وەک ڕێبازە سۆفییگرەکان و ئەوپەڕگرەکان، هەندێک لە پەرستشی تایبەت لەجیاتی حوکمە شەرعییەکان دادەنرێت، وەک: ناردنی سەڵەوات بۆ دوانزە ئیمامی شیعە لە هەموو بەیانی و ئێوارەیەکدا. خوێندنی دوعای "نادعەلی"، نەخواردنەوەی ئاو لە دەڕۆژی دەستپێکی مانگی موحەڕەمدا. دانان بە هەڵە و گوناهەکان لەلای "باباشێخ" لەدوای مانگی موحەڕەم، هەروەها بەشێوەی یارسانەکان رۆژی یەکەمی ساڵ، واتە ئەو ڕۆژەی کە هەتاو لە "بورجی حەمل"دا نیشتەجێ دەبێت، بە رۆژی لەدایکبوونی سوڵتان سەهاک دەزانن.

ڕۆژی نەورۆزیشیان بەلاوە پیرۆزە و بە رۆژی لەدایکبوونی حەزرەتی عەلی دەزانن و ڕێزی لێدەگرن، هەروەها لەکاتی دیاریکراودا سفرەی میهرەبانی "جەم" رادەخەن و بەکۆمەڵ لە دەوری کۆدەبنەوە و سروودی بەکتاشی "نەفس" دەچڕن و "نەی" دەژەنن کە چۆنیەتی بەڕێوەچوونەکەی داخستنی جەم لەلای یارسانییەکان، وەبیر دەخاتەوە. کتێبەکانی بەکتاشییەکان، وەک یارسانییەکان، زۆرتر لەسەر شیعر دانراون و شیعر لای ئەم جەماعەتە بایەخی هەیە و بە زمانی فارسی، تورکی و عەرەبی و ئالبانیایین (تاهیری، ٢٠٠٩، ٦٣٣_٦٣٧).

### ئەفسانەکانی ئایینی بەگداشی

### بەرجەستەکردنی خودایی:

کردگار چەندان جار لە شێوەی ئادەمیزاد دەرکەوتووە، لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا ژیاوە،کردار و کردەوەی موجیزە ئاسای ئەنجام داوە، لە واقعدا ڕێنمایی کردوون و ڕێگای ڕاستی نیشان داون. لە ئایینی بەگداشی بەرجەستەبوونی مرۆڤ خودایی زۆرن، بە تایبەت لە قالبی



حاجی بەگتاش ( oriental religion) series,1984, 37-38

پەیامبەران. حاجی بەگداش خۆی دامەزرێنەری ئایینی بەگداشییە و لە پێگە ئایینییەکەیدا بە تەجسیدێکی خودایی دادەنێن، بە مردنی حاجی بەگداش دونیا بە بێ خوا مایەوە، بۆیە دەڵێن لە ئاسمان بە دوای خودا مەگەڕێ. واتا ئەو کەسانە چاویان کراوەیە و دەتوانن لە ناو خەڵکدا خودا بەدیی بکەن (میران، ٢٠١٧، ٢٦٩).

پێگەی بەرزی حاجی بەگداش لە ناو ئایینەکەیدا بە رادەیەکی زۆر پیرۆزکراوە، ئەم پێگە پیرۆزەش تەنها لە سەردەمی ژیانی خۆی نەبووە، بەڵکو لە دوای خۆی و نەوەکەی و نەوەی نەوەشی ئەمیان پیرۆز کردووە، لە سەردەمی عوسمانی پلە و دەسەڵاتێکی زۆری هەبووە، بۆیە عەلەوییەکان لە پەنای ئەواندا خۆیان شاردۆتەوە و رەنگە لە سۆنگەی ئەمیشیەوە کە سەرۆکی بەگداشی باجی زۆری لێ وەردەگرتن.

بەگداشییەکان باسی چوار دەرگا دەکەن (دەرگای عابید کە شەریعەتە، دەرگای زاهید کە تەریقەتە، دەرگای عاریف کە مەعریفەتە، دەرگای موحیب کە هەقیقەتە)، بە بروای ئەوان هەر مرۆڤێک ئەو چوار دەرگایە ببڕێت لە ناو زاتی کردگاردا دەتوێتەوە دەگاتە نهێنیی هەقیقەت،

ئەم هەموو پیرۆزکردنە لە نێو ئایینەکان و کەسایەتییەکان کاریگەری دەبێت بۆ باوەڕدارانی ئەم ئایینانە ئەمانە دەبن بە بەشێک لە دەقی پیرۆز و مێژووی پیرۆزی ئایین، ئەوەی کە لە ئایینی بەگداشی باوە و دەبینرێ یادکردنەوەی کەسایەتییەکان دیاریکردنی پێگە پیرۆزەکانیان بە شێوەی لۆژیکی ئەفسانە رێکخراوە، نەوەکو بە شێوەی

مێژوویی و زانستی. حاجی بەگتاش کە بە پیر ناسراوە یان دەدە، یان بابا وشەی بابا ئەم وشەیە لە نێو کورددا زۆر باوە بە مانای باوک دێت بەڵام جگە لە مە لێرەدا وشەی بابا لە پاڵ وشەی بەگداش ئەرکی ئاماژە کردنە بۆ پێشەوای ئایینی یا رابەری رۆحی دەگرێتەوە، لەم بوارەدا سەرەنج دەدرێ کە نازناوەکە جگە لە دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ رۆڵی پێشەوای ئایینی گورێکی بە تینتر دەداتە ئایینەکەیان کە دەستووریان پێدەدا و یەکیان دەخات. کە هاوشێوەی پاپای ڤاتیکان وەک پیشەوای ئایینی- سیاسی مەسیحییە کاتۆلیکەکانی جیهان لە سەدەکانی ناوەڕاست ئەنجامی داوە. رەگو ریشەی ئەم بیرۆکەیە لە نێو بارزانییەکانیش هەیە تا ساڵی ١٩٦٩ پابەندبوونی لایەنگران بەو بە شێخ ئەحمەد بارزانی لەسەر ئاستی بیروباوەڕ رۆڵی پێشەوای ئایینی دەگێڕا، ئەمە لە نێو کوردە ئیزیدییەکانیش دەبینرێ، بابا بەم نازناوە هەوڵێک بۆ بەرز و مەزنکردنی رۆڵی کۆمەڵایەتیی توێژی شێخەکان دەردەخات. پەیام و رێنماییەکانی پیرەکان لە کاتی پەرستش و جەم بەستن، دەبێتە رەمزی خۆر و بەردەوام دەخولێتەوە ( orienta religions،37-38,1984). موریدەکانیش وەکو چۆن ئەستێرەی ئاسمان بە دەوری خۆردا دەخولێنەوە ئەم موریدانەش بە دەوری پیردا دەخولێنەوە ، هەردوو قۆڵیان ئاسۆیی بەرز دەکەنەوە لەپی دەستی راستیان رووەو ئاسمان رادەگرن و لەپی دەستی چەپیان رووەو زەوی دەخولێنەوە، لێکدانەوەی ئەمە ئەوەیە : بە دەستی راستمان داوای فەڕ و پیت لە خودا دەکەین و بە دەستی چەپمان دەیبەخشینەوە بە خەڵک، لەبەرئەوەی بڕوایان وایە هەموو شێک بە هی خودا دەزانن خۆیان بە خاوەنی هیچ نازانن. هاوکات لە کۆڕی گەرمی پەرستشدا تەپڵ لێدەدرێت بە دەنگەوە دوعاکان دەخوێننەوە بە دەنگبێژانە دەڵێن ئایینخوان.

لە ئەفسانەی ئەفراندنی مرۆڤدا بەپێی باوەڕی بەگداشییەکان سەرەتا تەنها خودا وجوودی هەبووە، ئینجا مرۆڤ و بوونەوەرەکانی تری ئەفراندووە. باوەڕدارانی ئایینی بەگداشییەکان پێیانوایە لەوساوە مرۆڤ بە ڕێگای جیاواز لە هەوڵداندایە بۆ گەڕانەوە و گەیشتنەوە بە کردگار کە سەرچاوەی بوونە. لە ڕێگای پەرستشەکانەوە بە وێناکردنی ئەم باوەڕەیان بە ڕوونی دەبینرێت بە تایبەت لە سیرمونیە پیرۆزەکانی ئایینەکەیان.

بیروباوەڕی فەنابوون لە ئایینی بەگداشییەکان جێگای تایبەتی هەیە و تام و بۆنێکی سۆفیگەرییان پێ بەخشیوە دەبینرێت. ئەم ڕەگەزەش لە ناو ئایینی مەسیحییەکانیش دەبینرێت، لەو سۆنگەیەشەوە پیران و یان دەدە یان بابا بەگداشییەکان هانی مرید و پەیڕەوەکانیان دەدەن لە خۆشەویستی پیرانیاندا بتوێنەوە و فەنا بن تا دەگەن بە توانەوە لە خۆشەویستی کردگار و فەنابوون ( John، ١٩٣٧، 17_20-).

**ئەفسانەی لەدایکبوونی بەگداش:**

خونکار (مامۆستایەکی زانا و لە بواری خوێندن و شەریعەتدا شارەزاییەکی باشی هەبووە) ئەمیش موجیزەی زۆری هەیە، لە ناوچەکانی (ئازربێجان و تورکیا) نیشتەجێ بووە، ڕۆژێک ڕێی دەکەوێتەماڵێک بۆ ئەوەی هەندێ پشوو بدەن، ماڵەکە زۆر هەژار و نەدار دەبن، تەنها مانگایەکیان هەبوو و هیچی تریان نەبووە پێشکەشی میوانەکانیان بکەن، تووشی شڵەژان دەبن. (خونکار) بەو پەشۆکاویە و شلەژاویەوە دەزانێ بۆیە دەڵێ: برۆ مانگاکەتان بدۆشن و شیری مانگاکەمان پێشکەش بکەن، ئەویش دەڵێ: مانگاکەمان قسرە (نەزایە) ئەویش فەرمووی : دە تۆ برۆ بیدۆشە و شیرەکەیمان بۆ بێنە، کە ژنەکە ڕۆیی دەبینێ کە گوانی مانگاکە پڕی لە شیرە، ئەویش مانگاکە دەدۆشێ و نان و شیریان پێشکەش دەکات، (خونکار) لە خاوەنی ماڵ

دەپرسێت: دەبینم هەر خۆت و هاوسەرەکەت لەم ماڵە دەژین، ئەویش دەڵێ: بەڵێ، (خونکار) دەڵێ: ئەی منداڵتان نییە، ژنەکەش دەڵێ: دەمێکە ژن و مێردین بەڵام بە داخەوە منداڵمان نییە، خونکاریش دەڵێ : ساڵێکی تر دەگەڕێمەوە دەبینم کوڕێکتان بووە، دوای ساڵێک هەمدیسان (خونکار) دەگەڕێتەوە ماڵەکە، پیاوەکە بە دزی میوانەکان چووە لای ژنەکە و بە تەگبیری هەردووکیان بەردێکیان هێنا و پێچایانەوە لە بێشکەیان دانا و پارچەیەک قوماشی تەنکیان بەسەر دادا، ئەوەش بۆ ئەوەی میوانەکان پەشیمان نەبنەوە، (خونکار) لێیانی پرسی : کوانێ کوڕەکەتان،؟ ژنەکە وتی: لە بێشکەدا خەوتووە، ئەویش دەڵێ بیهێڵە با بچمە دیاری، کە دەچێتە لای بێشکەکە و رادەوەستێ و دەڵێ: چیتە بۆ دەگری ئەی پاک تاش؟ واتا ئەی بەردی خاوێن، بەردەکە بوو بە کوڕێکی جوان و دەستی بە پێکەنین کرد، دوایی لەگەڵ (خونکار) دەستی بە گفتوگۆ کرد و پیاو و ژنەکە بەو موجیزەیە، سەرسام بوون، دەرەنجام پاک تاش گەورە دەبێ و بە حاجی بەگتاش دەناسرێ، ئایینی بەگتاشی دادەمەزرێنێ (کاکەیی، ٢٠١٣، ٥٠٥).

### ئەفسانەی قسەکردنی حاجی بەگداش بە ساوایەتی و باپیرە گەورەیان

حاجی بەگداش لە منداڵی کە لە بێشکەدا بووە ناوی بەگداشیان لێناوە واتا پیاوی گەورە (prences)، توانیویەتی قسە بکات و وشەی خوا بهێنێت و گەواهیدەری خوای تاک و تەنها بێت.

لە سەردەمی منداڵیدا کە تەمەنی چوار ساڵان بووە (لوقمان) کە مامۆستای بەگداش بوو لەم قۆناغەدا دەرسی پێدەوت. مامۆستا لوقمان یەکێکە لە پیاوچاکانی ناوەڕاستی ئاسیا. رۆژێک مامۆستا (لوقمان) لە قوتابخانە کە دەچێتە (حوجرە)ی وانە گوتنەوە بە حاجی بەگداش. لە ناو حوجرەکە بینی حاجی بەگداش لە نێوان دوو کەس دانیشتووە ، بەڵام

سەرسام دەبێتکە لە پڕێکدا دوو کەسەکە لەبەر چاوان ون دەبن، تەنها حاجی بەگداش مایەوە. مامۆستا لوقمان پرسیار لە بەگداش دەکات دەڵێ: ئەوانە کێ بوون؟حاجی بەگداش وەڵام دەداتەوە دەڵێت: یەکێکیان باپیرە گەورەمان (محمد مصطفی)یە لە بواری شەریعەتدا وانەی پێدەوتمەوە، ئەوەی تریان ئیمامی عەلی بوو لە بواری هەقیقەتدا فێری دەکردم، مامۆستا لوقمان بەم ڕووداوە سەرسام دەبێ ( john، ١٩٣٧، ١٧-٢٠).

هاتنە گۆی (بەزمان هاتن) حاجی بەگداش لە تەمەنی منداڵی هێزێکی ئەفسانەیی و سەروو ئاسایی دەبەخشێ بە ئایینەکە و پیرۆزیی حاجی بەگداش بەرزتر دەکاتەوە، لە چەندان ئەفسانەدا منداڵ، مردوو، گیاندار، بێ گیان وەکو بەرد، دار ، مەزار دێنە زمان و گوتنەکانیان هەڵگری پەیامگەلی بەهێزن، بۆیە زۆرجار پەیامەکان سەرچاوەکە پیرۆز دەکەن.

**ئەفسانەی ناولێنانی حاجی بەگداش:**

مامۆستا (لوقمان) چووە مەکە بۆ بەجێگەیاندنی ڕێوڕەسمی حەجکردن دوای سووڕانەوە بە دەوری کەعبە و چوون بۆ چیای عەرەفە زۆر ماندوو بوون لەگەڵ هاوسەفەرەکانی گەڕانەوە بۆ ئەوەی خواردنێک ئامادە بکەن. لەو کاتە حاجی بەگداش بە خێرایی سینییەک خواردنی لە پێش دانان،لە کاتێکدا حاجی بەگداش بەم تەمەنی منداڵییە هەرگیز نەچووبووە مەکە (زیارەت)، بۆیە مامۆستا لوقمان و هاوەڵانی ئەوەیان بە ئەفسانە وەسف کرد، بۆیە لەوساوە ناوی حاجییان پێبەخشی.لەکاتی گەڕانەوەکەیان لە مەکە سەرگوزشتەکەیان بۆ قوتابیەکانیان گێڕایەوە (John ، ١٩٣٧، ١٧-٢٠).

**ئەفسانەی بە بەردبوونی ئاگر:**

حاجی بەگداش بۆ یەکەمجار ویستی سەردانی مەکە و مەدینە و دیمەشق بکات لە ڕێگا ماندوو بوو، لە ژێر دارێک خەوی لێکەوت، (ئەحمەد سوڵتان) ئاگری لە دارستانی تووەکان بەردا بۆ ئەوەی مەسجێک بنێرێت بۆ دەروێشەکان لە هاتنی رۆم ئاگاداریان بکاتەوە، کاتێک ئاگرەکە گەیشتە سنووری حاجی بەگداش، بوو بە بەرد. ئیستاش ئەم شوێنە شوێنێکی پیرۆزە باوەڕدارانی ئایینی بەگداشییەکان دێن زیارەتی دەکەن (John ، ١٩٣٧،١٧-٢٠).

ئەفسانەی پیرۆزی بەرد لە لایەن بڕوادارەوە لە زۆربەی ئایینەکان باوە، ساڵانە سەردانی دەکەن پارچەیەک لەو بەردە دەبەنەوە بۆ ماڵەوە وەکو پیرۆزیەک (موتفەرک) سەیری دەکەن، زۆر جار لە کاتی سەردانیکردنی ئەم بەردانە شوێنەکەی بۆ جارێکی تر پڕدەبۆوە ئەمەش جێگای سەرسوڕمانە لە لایەن بڕوادارانەوە، پیرۆزییەکەش دەدەنە پاڵ کەسە پیرۆزەکان و شوێنە پیرۆزەکان.



سولتان سەهاک و حاجی بەگتاش فڕینی شێر (marttin van,1991,56)

**ئەفسانەی بە بەردبوونی شێر و قسەکردنی ماسی**

حاجی بەگداش بەردەوامی بە سەفەرەکەی مەکە و مەدینە دا لە نزیک کۆنیا، دوو شێر هێرشیان بۆ حاجی بەگداش برد، لە کاتێ کە گەیشتنە نزیکی حاجی بەگداش شێرەکان بوون بە بەرد.ئەمە لە ئایینی یارسانیش ڕەنگی داوەتەوە، بەم شێوە: پیر (میکائیل) کە دەچێتە

زیارەتی پردێوەر لە کەناری رووباری سیروان، سواری شێرێک دەبێت و مارێکی ژەهراوی دەکاتە قامچی و ڕووە و سوڵتان سەهاک دەڕوا بۆ ئاگادارکردنەوەی سوڵتان سەهاککە خانوو بۆ ماڵ لەسەر موڵکی خەڵکی دروست نەکات، لە کاتێک سوڵتان سەهاک خەریکی دامەزراندنی بناغەی جەمخانەی یاری بوو ( marttin ,1991,٥٥-٦٩).

دوای ئەوە بەردەوامی دا سەفەرەکە و گەیشت بە ڕووبارێک، لەگەڵ دەروێشە هاوسەفەرەکانی، بینییان ماسییەک هاتۆتە سەر ڕووی ئاوی ڕووبارەکە و بە زمانێکی پاراو سڵاوێکی گەرمی کرد، دەروێشەکانی هاوسەفەری ترسان و شڵەژان، بێدەنگییان نواند لە ترسان. بۆیە حاجی بەگداش لەو کاتە بەرز بۆوە و گەیشتە عەرشی خوا. ئێستا ئەو تاشە بەردە ناوی (kubbie elif) لەوساوە شوێنی ئەو تاشە بەردە پیرۆزکراوە بۆ باوەڕدارانی بەگداشییەکان و یارسانییەکان، (لە زیارەتکردندا بە دەوری دەسوڕێنەوە تەوافی دەکەن) (john، ١٩٣٧، ١٧-٢٠). ئەمە لە ئایینی یارسانیش دەبینرێت کە ماسی قسە دەکات لەگەڵ سوڵتان سەهاک .

لای بەگداشییەکان زاتی (ئیمامی عەلی) پێگەیەکی پیرۆزی هەیە، لە دۆنێکیدا زاتی کردگار دەنوێنی، بۆیە ئەفسانەیەک هەیە بە ناوی (قەڕقەڕەی بن قەڕقەڕە) لەم ئەفسانەیەش ماسی گەواهی دەدا، رۆژێک حەزرەتی عەلی خۆی ئامادە دەکات بۆ شەڕ، لە قوژبنێک بینی پیرەژنێک بۆ کوڕەکەی دەگری کە لەگەڵ حەزرەتی عەلی دەچێت بۆ شەڕ، حەزرەتی عەلی متمانەی پێدەدات، کە کوڕەکەی بە سەلامەتی بێتەوە، شەوێک لە بزاقی لەشکرەکەدا ڕێگای لێ ون دەبێت، حەزرەتی عەلی بە کوڕی پیرەژن دەڵێ کە بە قەراغی ڕووباری هاوسێ بڕۆ لە یەکێ لە ماسییەکان پرسیار بکە لە ناوی قەڕقەڕە بۆ دۆزینەوەی ڕێگای دروست، کاتێ کوڕەکە دەگاتە کەناری ڕووبارەکە بانگی قەڕقەڕە دەکات، کۆمەڵێ ماسی سەر لە ئاو دەردەهێنن و دەڵێن: ئێمە هەموومان

قەرقەرەین! بەڕێزتان مەبەستان کامە قەرقەرەیە؟ کوڕەکە بە ناچاری دەگەڕێتەوە لای حەزرەتی عەلی و ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە، حەزرەتی عەلی دەڵێت برۆ بڵێ قەرقەرەی کوڕی قەرقەرە، کوڕەکە دەگەڕێتەوە لای ماسییەکان دەڵێ قەرقەرەی کوڕی قەرەم مەبەستە، پێویستە ڕێگای ڕاست و دروستم نیشانبدەن، قەرەی کوڕی قەرقەرە دێتە وەڵام و دەڵێ: کەسێک کە باوک و بنچینەی ماسییەک بزانی چۆن ڕێگای دروست نازانێ، بەم شێوە قەرقەرەی کوڕی قەرقەرە گۆڕانێکی گەورە لە کوڕەکە دروست دەکات، بە پەلە دەگەڕێتەوە لای عەلی بە بێ ترس هاوار دەکات تۆ کردگاری، بەڵام حەزرەتی عەلی سەری دەپەڕێنێت و دەیکوژێ، بەڵام بەڵێنەکەی ئەو پیرەژنەی بە بیر هاتەوە کە منداڵەکەی بە ساغ و سەلامەتی بۆی دێنێتەوە، ناچار زیندووی دەکاتەوە ، پاش زیندوو بوونەوە کوڕەکە دووبارە هاوار دەکات و دەڵێ: ئەگەر یەکەم جار تۆم بە کردگار زانی،هێشتارووداوی کوشتن و زیندووبوونەوەم نەدیبوو، بۆیە ئێستا هیچ گومانم نەماوە کە تۆ کردگاری (تاهیری، ٢٠٠٩، ٦٤).

ئەم جۆرە ئەفسانانە هێزی سەرووی ئاسا دەدا بە مرۆڤە پیرۆزەکان بە تایبەت لە دیدگای دۆنای دۆنەوە بەرجەستەی دەکا لە ڕۆڵی مرۆڤی خودایی ئەمەش سنوورە ئاساییەکانی باوەڕ و تێگەیشتنی مرۆڤ دەبەزێنێ. لێرەدا کەسی خاوەن هێزی سەروو ئاسا ئەو ڕۆڵە دەبینێ کە ئاگای لە نهێنی دەریایە و زمانی ماسییەکان دەناسێ و بە ڕەچەڵەکیان ئاشنایە، لە هەمان بارودۆخا سەری مرۆڤ دەپەڕێنی و زیندووی دەکاتەوە، وە لە هەمان کاتداوەکو مرۆڤێکی ئایدیالیی ڕەوشت بەرز پابەند دەبێ بەو پەیمانەی کە بە دایکی کوڕەکەی داوە و هەموو هێزی خۆی بەکاردەهێنێ بۆ ئەوەی کوڕەکە بگەڕێنێتەوە بەسەلامەتی بۆ دایکی.

**بەرماڵە ئەفسانەیییەکەی حاجی بەگداش:**

لە ویلایەتنامە هاتووە کە (حاجی محەمەد حەیرانی) کە پەیڕەوانی مەولانای رۆمی بوو، حاجی بەگداشیش دەیویست باوەڕ بە زانیارییەکانی ئەو بکات. بۆیە حاجی بەگداش بەرماڵەکەی لەسەر بەردێک رادەیەخی ، قسە لەگەڵ بەرماڵەکە دەکات و ئەمری پێدەکات کە بفڕێت و بەرزی بکاتەوە، لەو کاتە بەرمالەکە بەرز دەبێتەوە و دەفڕێ، بۆیە (حاجی محەمەد) پەشیمان دەبێتەوە باوەڕ بە بەرزی و نەمری حاجی بەگداش دەکات، دوای ئەوە بینی دیوارەکە بە بەرد بووە کە حاجی بەگتاش سواری بووە، کوردە بەگداشییەکان رایان وایە ئەوەی سواری بووە دیواربەردین نییە، بەڵکو شێرە (John ، ١٩٣٧، ١٧-٢٠).

ئەفسانەی فڕین هەر لە کۆنەوە مرۆڤ بیری لێکردۆتەوە، یان بۆ ئەوەی زوو بگاتە شوێنی مەبەست یان بۆ سەلماندنی توانای پەرجووی خۆی بووە لەم ئەفسانەی حاجی بەگداشە ئەمە پێش حاجی بەگداشیش هەبووە ، رێگەیەکی ئایینی بووە بۆ سرنج راکێشانی بیروباوەڕدارانی، وەکو بەرماڵەکەی حەزرەتی سولەیمان.



بەرماڵە ئەفسانەیییەکەی حاجی بەگداش

(John،1937, 274)

## ئەنجام

لەم توێژینەوەدا لە ژێر ناونیشانی (ئەفسانە لە نێو ئایینە کوردییەکان ( یارسان، ئێزیدی، بەگداشی) دا گەیشتینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

بابەتی توێژینەوەکە لە بنەڕەتدا ئەفسانەی سێ ئایینی کوردیمان وەرگرتووە، ئەگەرچی هەر یەکە لە ئایینە کوردییەکان ئەفسانەی تایبەت بە خۆیان هەیە، لە گەوهەردا تایبەتمەندیی خۆشیان هەیە، لە ڕەگەزە گەوهەرییەکانی پێکهاتی ئەفسانەکان.

ئەفسانە بەشێکی هەرە گرنگ و دەوڵەمەند و کاریگەری ئەدەبی و دێرین و زارەکییە، بەرهەمەکانی بە گشتی داهێنانی عەقڵی و دەستە جەمعی قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی گەلی کوردن و زۆر فرە چەشن و فرە ڕەنگن.

لەم توێژینەوەیەدا لە ڕووگەی ڕاڤەکردنی تێکستە ئایینەکانەوە شیکاریمان کردووە و دوای وەرگێڕانیان بۆ شێوە زاری سۆرانی.

لە گەوهەری ئایینە کوردییەکان زۆر جۆر و چەشنی ئەفسانە هەنە، وەکو هەر ئایینێکی تر لە تایبەتمەندیی ئەفسانەی ئایینە کوردییەکان ڕەگەزی هاوشێوە و لێکچوو دەبینرێت کە هەڵگری ڕەگەزی پیرۆزین.

وەکو ئەفسانەی هزری دۆنای دۆن، ڕۆحی هاوبەش (وحدة الوجود)، مرۆڤ خودایی (تجسید)، ئەم ڕەگەزانەش گرنگی و کاریگەریی خۆیان هەیە، بۆ چەسپاندنی ئیمان و باوەڕی بڕوادارانی ئایینە کوردییەکان. کە هەڵگری پاشماوەی ئایینە دێرینەکانی وەکو میترایزم و زەرڤانیزم و مانیزمیان لەخۆ گرتووە.

لەم توێژینەوەدا تیشکمان خستۆتە سەر تێکستە پیرۆزەکانی ئایینی یارسان و ئێزیدی و بەگداشی، پاش شیکاری و بەراوردکاری دەردەکەوێت سەرزەمینی کوردستان لە زەمانی دێرینەوە هزری ئەفسانەی ئایینی کە هەڵگری ڕەگەزی پیرۆزین سەری هەڵداوە، پاشتریش ئەفسانەکان وەکو بەشێکی بەرهەمی داهێنانی هزری مرۆڤ درێژەیان هەبووە و لە هەندێ قۆناغدا گۆڕانیشیان بەسەردا هاتووە. ئەمڕۆش چەندان ڕەگەزی ئەفسانەی ئایینە کوردییەکان ئاوێتەی نەریت و کولتووری کوردی بوونە و کاریگەریی خۆیان هەیە.

**لیستی سەرچاوەکان**

**سەرچاوە کوردییەکان:**


١. ئیزەدی ، میهرداد، ئایین و تایفە ئایینییەکان لە کوردستان، وەرگێڕان، کامەران فەهمی، سلێمانی ٢٠٠٢.
٢. ئیزەدی، میهرادی ، چەردە باسێک لە بارەی کوردانەوە، وەرگێران، ئەمین شوان، سلێمانی،٢٠٠٧.
٣. ئنستاس، ماری کەرمەلی: کتێبی پیرۆزی ئیزیدەییەکان جیلوە و مەسحەفا رەش، وەرگێڕان، د. نەجاتی عەبدوڵلا، هەولێر،٢٠١٢.
٤. ئەنوەر، کەیوان ئازاد ، مێژووی دەرکەوتنی ئایینەکانی ئیزیدی و کاکەیی، تاران، ٢٠١٨.
٥. ئەڵوەنی، د. نجم: ئەفسانە و پەندی کۆمیدی و گاڵتەو ئامێزی کوردی، لێکۆڵینەوە، هەولێر ٢٠٠٧.
٦. بەدەل فەقی حەجی، ژمارە ٥ ی گۆڤاری لالش، دهۆک، ٢٠١٢.
٧. تاهیری، طیب، ، تاریخ و فەلسەفەی سەرەنجام، (فرهنگ یارسان شرحی بر نحلەهای فکری و اعتقادی در کردستان، هەولێر، ٢٠٠٩.
٨. جندی، د. خلیل رەشۆ: پەرن ژ ئەدەبێ دینێ ئیزیدیان، هەولێر، ٢٠٠٤.
٩. حسن ،د. مەولود ابراهیم : بەرەو ئەفسانە ناسی، پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، تاران، ٢٠٢٠،
١٠. سمکۆ محمد، گوناح و ئیمان، هەولێر چاپخانەی رۆشنبیری، ٢٠١٨
١١. سەرەنجام: کەلامی شا ئیبراهیم، لا٨٢.
١٢. سەلاح حەسەن پاڵەوان، ئەفسانەی کوردی لە نێو دێرین و سەردەمدا، گۆڤاری شیکار، ٢٠١٤، ژ، ٦- ٧، لا١٩٨.
١٣. خەزنەدار، مارف ، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠.
١٤. کاکەیی، هەردەوێل: پەیامی کاکەیی، کرکوک، ٢٠١٢
١٥. کاکەیی، هەردەوێل: کۆچی یاری ، کرکوک، ٢٠١٣.
١٦. مینتیشاشڤلیلی ا. م: کورد، کورتەی پێوەندی کۆمەڵایەتی – ئابووری و رۆشنبیری و گوزەران، وەرگێڕان، د. عزالدین مستەفا رسول، سلێمانی. ٢٠٠٨.
١٧. میران د.رشاد ، رەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستان، چاپی دووەم، هەولێر، کوردستان، ٢٠٠٠.
١٨. مالینۆڤسکی، بنیاتە بنەڕەتییەکانی بڕوا و رەوشت، سلێمانی، ٢٠٠١٦.
١٩. نەبەز، جمال: فەلسەفە و رامانی یارسانی لە فەرهەنگ و کۆمەڵگای کوردەواریدا، چاپخانەی نازە، ٢٠٠٩، لا٥٥.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

١. رينولد، نيكلسون: في التصوف الاسلامي و تاريخه، ت، ابو العلا العفيفي، بغداد، ٢٠١٥.
٢. كارين، ارمسترونغ: تاريخ الاسطورة ،ت. وجيه قانصو، لبنان بيروت، ٢٠٠٨.
٣. د. محمد عباس: افلاطون، والاسطورة، دار التنوير، ٢٠٠٨.
٤. مازن، محمد حسين: الاسطورة في بلاد الرافدين، مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، مجلد، ٦ عدد٤. ٢٠١٦.
٥. عبدالناصر، حسۆ: اليزيدية وفلسفة الدائرة، دار التكوين، دمشق، ٢٠٠٨.
٦. عامر، زبيد وائلي: طريقة صوفية البكتاشية، مجلة العقيدة ،عدد الخامس العشر، ١٤٣٩هـ

**سەرچاوەی ئینگلیزی:**

7. John, kingsley brige: the baktashi order darvishes,turkey,Istanbul 1937
8. Martin, van bruinssen: Haji Bektash, Sultan Sahak, Shah Mina Sahib and Various Avatars of a Running Wall1, yürüten cansız düvarı,turkya,1991,55-69

## الملخص

### الاسطورة فيالديانات الكوردية (اليارسانية، الازيدية، البكتاشية)

من الصعب تحديد البدايات الاولى للاسطورة، ولكن نعلم ان الاسطورة في المراحل الاولى من حياة الانسانية وحتى الوقت الحاضر لم تكن بعيدة عن وعي وخيالها، وان ظهور المعتقدات الدينية كان نتيجة لضعف الانسان امام قسوة الطبيعة، والاسطورة تفكير ضروري بين الاديان او الجماعات الدينية لاداء الوظائف أو للاجابة عن الاسئلة الاتنولوجية، والاسطورة لا تحتاج الى التفكير العميق أو انها ليست بنظرية علمية ضرورية.

عندما تقرأ أية قصة لتلك الاديان فان حجر اساسها هي قصة اسطورية، وعندما تبحث عن تاريخها و عناصرها (الايزدية و الكاكائية و البكداشية) فهي بالاساس مكونة من مجموعة اديان غير سامية، ويتسمون باصول آرية، ولهم خصائص يرجعهم الى منطقة زاكروس متأثرا الواحد بالاخر، ويوجد فيما بينهم أوجه التشابه من الناحية الفولكلورية والفكرية والاعتقادية وحتى في أساطيرهم. وفي الوقت ذاته فان صفة الترحال عبر تاريخهم الطويل كانت سببا بوجود بعض من الاختلافات في معتقداتهم، ولكن بالاساس فهم يؤمنون بالوحدانية.

الاسطورة هي قصة تاريخية، ولكنها ليست قصة اعتيادية بل ان لها تاريخا مقدسا وذات اهمية خاصة لتكوين فولكلور خاص لجميع الاجيال، لهذا نستطيع القول ان الاسطورة الدينية ( هي مجموعة ابداعات صنعها فكر الانسان ويستمر في انمائها الى ان تتحول الى مجموعة دساتير هدفها ترشيد المجتمع). وتقديس الذات هي صفة غير طبيعية لتلك الاديان والذي يعطيها قوة غير طبيعية ومكانة مقدسة، اضافة الى ذلك فان بعضا من تلك الاساطير، والى يومنا هذا مثل تقديس ( الارض والماء والهواء (الطبيعة) تظهر بصورة واضحة، وقدسية هذه العناصر شائعة بين الكثير من الشعوب الآرية، يعتقد الايزديين بان الشيخ ئادي قد عاش في زمن السلطان ساهاک اي في الفترة مابين القرنين الثاني عشر والثالث عشر وهي الفترة التي عاش فيها البكداش والتي اسس فيها طائفته.

كلمات المفتاحية: الاسطورة، يارسانية، الازيدية، البكتاشى.

## abstract

### The legend in the Kurdish religions (Yarsani, Yazidi, Bektashi)

It is difficult to determine the first beginnings of the myth, but we know that the myth in the early stages of human life and until the present time was not far from the awareness and imagination, and that the emergence of religious beliefs was the result of human weakness in front of the cruelty of nature, and the myth is a necessary thinking among religions or religious groups to perform Functions or to answer questions of anthropology, and myth does not require deep thought or it is not a necessary scientific theory.

When you read any story of these religions, its cornerstone is a mythical story, and when you search for its history and elements (Yazidism, Kaka'i and Bakdashian), it is basically made up of a group of non-Semitic religions, and they are of Aryan origins, and they have characteristics that return them to the Zakros region, influenced by one another. And there are similarities between them in terms of folklore, intellectual and belief, and even in their legends. At the same time, the character of nomadism throughout their long history has caused some differences in their beliefs, but mainly they believe in oneness.

The legend is a historical story, but it is not an ordinary story, but rather it has a sacred history and is of special importance for the formation of a special folklore for all generations, for this we can say that the religious legend (is a group of creations made by human thought and continues to develop until it turns into a set of constitutions aimed at rationalizing society). Self-reverence is an unnatural characteristic of these religions, which gives them an unnatural power and a sacred status. In addition, some of these myths, and to this day, such as the sanctification of (land, water, and air (nature) appear clearly, and the sanctity of these elements is common among many Of the Aryan peoples, the Yazidis believe that( Sheikh Adi) lived during the time of Sultan Sahak, that is, in the period between the twelfth and thirteenth centuries, which is the period in which the( Bektash) lived and in which he founded his sect.


Key word: Egend, Yarsani, Yazidi, Bektash.